دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

# کوردستان

www. kurdistanukurd.com

ژمارە: ٣٨٤

شەممە ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧ ـ ١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٨ ـ ١٥٠ تمەن

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

## پیرۆزبایی رۆژی رۆژنامەنووسیی کورد

خوێنەرانی بەڕێز! ئەم ژمارەیەی "کوردستان" لە بەرەبەری ٢٢ی ئاوریل ١١٠ ساڵەی رۆژی رۆژنامەنووسیی کوردیدا چاپو بڵاو دەکرێتەوە. بەم بۆنەیەوە بەگەرمی پیرۆزبایی لە تێکڕای خەمخۆرانی وشەی کوردیو ئەو قەڵەمبەدەستو رۆژنامەوانانە دەکەین کە لە پێناوی دروست کردنی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەرو ئازادو مافە نەتەوەییەکانی نەتەوەکەمان دا هەوڵ دەدەنو رێز لەم رۆژنامەوانو نووسەرە خەباتکارانەش دەگرین کە لە بەشە ئازادکراوەکانی کوردستان دا بوونەتە چرای رووناکیدەری رێگەی خەباتو بەرەوپێش بردنی کۆمەڵگەی کوردەواری.

دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان"

## کۆبوونەوەی وڵاتانی ١+٥ لە شانگهای کۆتایی پێهات

کۆبوونەوەی پێنج ئەندامی هەمیشەیی ئەنجومەنی تەناهیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانو ئاڵمانو هەروەها نوێنەرێکی یەکیەتیی ئورووپا بۆ باسو بیروڕا گۆڕینەوە سەبارەت بە دۆسیەی ناوکیی ئێران لە شانگهای چین کۆتایی پێهات. بە وتەی وتەبێژی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی چین، لەم کۆبوونەوە یەک رۆژەیەدا بەشداربووان سەبارەت بە نێوەرۆکی گەڵاڵەیەك بۆ هاندانی ئێران بە درێژەدانی وتووێژەکان پێکهاتن، بەڵام کێشەکان چارەسەر نەکراون.

وەزارەتی دەرەوەی چین پێشتر گوتبووی کە لەم دانیشتنەدا، سەبارەت بە دوایین گۆڕانکارییەکانی پێوەندیدار بە بەرنامەی ناوکیی ئێرانو رێگاکانی هاندانی ئێران بە درێژەدانی وتووێژەکان، لە بەرانبەر هاندەرە سیاسی، ئابووریو تەناهیەکانو هەروەها سزا گەلی شیمانەیی لە بەرانبەر خۆبۆاردنی ئێران لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وتووێژ دەکرێ.

## ئەنفال، هۆلۆکاستی کوردان

(بەبۆنەی ٤/١٤ رۆژی ئەنفال)

عەولا بەهرامی

کارەساتی ئەنفال وەك یەکێك لە گەورەترینو سامناکترین ئەو کارەساتانەی کە لە مێژووی هاچەرخی جیهانو لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دا رووبەرووی نەتەوەکەمان بوەتەوە قێزەونترین لایەنی ئەو پرۆسەی ژینۆسایدە فرەلایەنەیە کە لانیکەم دوابەدوای شەڕی جیهانیی یەکەمو پارچە پارچە بوونەوەی کوردستان لە لایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە بەرێوە براوە.

لە پرۆسەی ئەنفال دا ئەنفالچیەکان نازیئاسا (هۆلۆکوست) لە سڕینەوەی نەتەوەیەك لە سەر خاکەکەی بە پەلەنو بۆیە بە جۆرە شاراوەو درێژخایەنەکانی ئەنفال یان ژینوسایدی کولتوری رازی نینو بۆ ئەوەی خێراییان بەم پرۆسەیە دابێو حەزیای نژادپەرستانەی خۆیان تێر کردبێ، بە دڕندەییەکی تایبەت بە خۆیان دەست دەکەن بە راگواستنو قڕ کردنی بە کۆمەڵی کوردان لە باشووری کوردستان.

ئەنفال لە لای بەعسییەکان ئەو چەمکە ئایینییەیە کە لە باری واتاوە زۆر لە هۆلۆکاست نزیکەو بە پێی ئەو ئەنفالچی بە شێوەیەکی بێ کۆتایی سنوورەکانی ئاکارو مرۆڤایەتی دەبەزێنێ. بەڵام لە پرۆسەی ئەنفال دا جیاوازییەکی دیکەش بەدی دەکرێ، بەکارهێنانی چەمکێکی ئایینی لە دژی هاوئایین، تەنیا لە بەر ئەوەی نایهەوێ لە کولتوری ئەودا بتوێتەوە. بۆیە لەلای ئەنفالچیو ئەنفالچییەکان کە بە روانینێکی نژادپەرستانەوە ئەم چەمکە بە کاردێنن، ئامانج بریتیە لە گوڕبەخشینو جۆشدانی هەستی مەزنیخوازیو دژایەتیی ئەو دیکە (کورد) لە زەینی لەشکری ئەنفالچیدا بۆ ئەوەی کە هیچ لەمپەرو سنوورێکی ئاکاریو مرۆیانەی لە بەردەم دانەمێنێو چەندی دەکرێ بێبەزییانەتر هەوڵی سڕینەوەو لە هەمان کاتدا بە تاڵ کردنەوەی حەزیا شەیتانییەکانی لە سەر ئەوەی دیکە (کورد) بدا.

ئەنفال وەك یەکێك لە گەورەترین تراژیدییەکانی مێژووی نەتەوەکەمان، ئەگەرچی تا دێ پتر بەشێك لە بیرگەی نەتەوەیی هەموو تاکەکانی کورد دادەگرێو دەبێتە خاڵێکی پێکەوەگرێدەر لە نێوان تاکەکانی کورددا، بەڵام بەو حاڵەش پێویستە رووناکبیران، نووسەرانو راگەیەنو راگەیەنکارانی کورد، وەك پرۆژەیەك کە ئامانجەکەی زیندوو راگرتنی مێژووی نەتەوەییمانو تۆخ کردنەوەی وشیاریی نەتەوەیی تاکەکانی کوردە، بۆ ناساندنو شیتاڵکردنی لایەنو کارتێکەرییو باندۆرەکانی ئەم کارەساتە هەوڵی بەردەوام بدەن. جگە لەمەو سەرەڕای ئەوە کە لایەنە تراژیدکییەی ئەنفالو ژینۆسایدی نەتەوەکەمان لە زەینمان دا قورسایی هەیە، بەڵام هاوکات نابێ لەو ئەنفالو ژینۆسایدە بێدەنگەش بێئاگا بین کە وەك سیاسەتێكو پرۆژەیەك بۆ تواندنەوەی زمانو کولتوورو سەرەنجام تاکەکانی نەتەوەکەمانو ناسنامەی نەتەوەییمان لە کولتوورو ناسنامەی دەسەڵاتی ناوەندیدا لەگۆڕێ دایە.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەنفالو هەموو چەشنەکانی ژینوسایدی نەتەوەکەمانو هەموو تراژیدییەکانی مێژووە پڕ لە تراژیدییەکەمان پێویستە ئەم وانە گرنگەیان لێ وەرگیرێ کە ئەگەر بەهێز نەبین هەمیشە مەترسیی ئەنفالێکی (جەستەیی یان کولتووریی) دیکەمان لە بەردەم دایەو بەهێزبوونیشمان لە پێش دا لە وشیار بوونمان سەبارەت بە شوناسو ناسنامەی نەتەوەییمان دایە.

## مایکل مۆڵن:

# ئێران گەورەترین کێشەی ئەمریکایە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا



دەریاسالار مایکل مۆڵن، سەرۆکی ستادی هاوبەشی ئەرتەشی ئەمریکا کە رۆژی سێشەمە (١٥ی ئاوریل) لە ناوەندی هێرتێج وتارێکی پێشکەش کرد، لە وڵامی پرسیارەکاندا ئاماژەی بە ئێران کردو وتی ئەگەری ئەوە هەیە ٣ تا ٥ ساڵی دیکە ئێران گەورەترین کێشەی ئەمریکا بێ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست.

ناوبراو دەڵێ: وێڕای لە بەر چاو گرتنی هەموو رێگەچارەو ئەگەرەکان، دەبێ هیوادار بین بتوانین لە داهاتوودا رێگەیەك بدۆزینەوە بۆ وتووێژو دانوستان لە گەڵ رێژیمی ئێران.

کەچی جۆرج بووش مەرجی راگرتنی پیتاندنی ئۆرانیۆمی بۆ وتووێژ لە گەڵ ئێران داناوە. ئەوە لە حاڵێکدایە ئێرانو ئەمریکا سێجار لە سەر کێشەو پرسی تەناهیی عێراق کۆبوونەتەوەو بۆ دەوری چوارەمیش ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە، بەڵام هێشتا رێکەوتی دانیشتنەکە دیاری نەکراوە.

ئەمە لە کاتێك دایە کە واشینتۆن سوپای قودس واتە لکی دەرەوەی سوپای پاسداران بە راهێنەری راستەوخۆی میلیشاکانی عێراق دەزانێو خستوویەتە ناو لیستەی تیرۆرەوە. هەروەها مایکل مۆڵن دەڵێ: بشێوییەکانی ئەم دواییانەی بەسرە نیشانەی قووڵایی ئامادەیی ئێران لە عێراق دایە کە پێشتر بەو جۆرە هەستمان پێنەدەکرد.

## ئێران دووەمین وڵاتە لە رووی زۆر بوونی رێژەی ئێعدام



**دەنگو رەنگی کۆماری ئیسلامی راپۆرتەکەی لێبووردنی نێونەتەوەیی سەبارەت بە ئێعدام چەواشە دەکات**

رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە راپۆرتەکەی خۆیدا سەبارەت بە رێژەی ئێعدام لە جیهان دا، ئێرانی لە دوای چین بە دووهەمین وڵات لە رووی زۆر بوونی ئێعدامەوە ناساند. بە پێی راپۆرتەکەی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی رابردوودا ١٢٥٢ کەس لە ٢٤ وڵاتی جیهان دا ئێعدام کراونو ٣٣٤٧ کەسیش لە ٥١ وڵات دا بە مەرگ مەحکووم کراون.

راپۆرتەکە چین بە ٤٧٧ ئێعدام، ئێران بە ٣١٧، عەرەبستان بە ١٤٣، پاکستان ١٣٥و ئەمریکا بە ٤٢ ئێعدام لە ریزی پێشەوەی ئەو وڵاتانەدا دادەنێ کە حوکمی ئێعدامیان بەرێوە بردوە.

ئەمە لە کاتێك دایە کە دەنگو رەنگی کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر ئەم راپۆرتەی لێبووردنی نێونەتەوەیی چەواشە کرد. کاناڵی جامی جەمی یەك لە هەواڵەکانیدا وێڕای ئاماژە کردن بە راپۆرتەکەی لێبووردنی نێونەتەوەیی ناوی ئێرانی لەو راپۆرتە دەرهێناو رایگەیاند کە لێبووردنی نێونەتەوەیی لە نوێترین راپۆرتی خۆیدا چین، عەرەبستان، پاکستانو ئەمریکای بەوە ناساندوە کە زیاترین ئێعدامیان تێدا بەڕێوە چووەو هیچ ئاماژەیەکی بە ناوی ئێران لەو راپۆرتەدا نەکرد.

## رێژیم پۆلیسی نهێنی دادەمەزرێنێ



بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لە سەر چاوەیەکی باوەڕ پێکراو لە مەهابادەوە بە "کوردستان" گەیشتووە رێژیم بۆ کۆنتڕۆڵ کردنی جموجۆڵەکانی خەڵك بڕیاری دروست کردنی پۆلیسی نهێنیی داوە. ئەو سەرچاوە باوەڕ پێکراوە پشتڕاستی کردەوە کە هەر لە گەڵ دەرچوونی بڕیارەکە چەند تیمێك لە بەرپرسانو کاربەدەستانی ئەمنییەتی بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارەکە پێکهێنراونو دەسبەکار بوون.

لە بڕیارەکەدا هاتوە ئەندامانی پۆلیسی نهێنی لەو بەکرێگیراوە جۆجێیانە پێك دێ، کە تا ئێستا پێوەندی ئەوان بە دامودەزگا ئەمنییەتیەکانەوە بۆ خەڵك ئاشکرا نەبوە. هەر بەگوێرەی بڕیارەکە پۆلیسی نهێنی دەبێ لە نێو هەموو ئیدارەو دامو دەزگاکانی حکوومەت، قوتابخانە، بازاڕو.... چالاك بنو هەموو ئەو کەسانەی کە باسی سیاسی دەکەنو دژی سیاسەتەکانو تەنانەت کاربەدەستانی رێژیم قسە دەکەن، بخەنە ژێر چاوەدێرییەوە.

## سەردانی شاندێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان



پێش نیوەڕۆی سێشەمە ١٥ی ئاوریلی ٢٠٠٨ شاندێکی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە هاوینە هەواری سەلاحەدین کرد.

شاندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە بەرێزان کەماڵ کەریمیو مستەفا مەولوودی، جێگرانی سکرتێری گشتیو، حەسەن رەستگار، حەسەن قادرزادەو قادر وریا، ئەندامانی دەفتەری سیاسی پێك هاتبوو، لەلایەن وەفدێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرۆکایەتیی سکرتێری مەکتەبی سیاسی بەڕێز فازڵ میرانی، پێشوازیی لێ کرا.

لە چاوپێکەوتنێکی دۆستانەدا سەرۆکی وەفدی خانەخوێ بە بۆنەی پێکهاتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەی چاردەیەم، پیرۆزبایی لە شاندی میوان کرد. سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتی کوردستان، دوای ئاماژە بە هەڵوێستی پارتیو دەست پێکردنی لاپەڕەیەکی نوێ لە پێوەندییەکانی هەر دوو حیزب دا، سیاسەتو روانگەو بۆچوونەکانی پارتی دێموکراتی کوردستانی لە بارەی پرسە گرنگەکانی کوردستان، عێراقو ناوچە بۆ شاندی میوان شی کردەوەو کۆمەڵێك لەو فاکتەرانەی ناوبرد کە لە بەرژەوەندیی حکوومەتی هەرێمو دۆزی کورد لە عێراقو ناوچە دان.

شاندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش، سەرەتا سوپاسو پێزانینی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ هەوڵەکانی مەکتەبی سیاسیی پارتیو بە تایبەتی رێزدار کاك مەسعوود بارزانی بە مەبەستی گەڕانەوەی یەکیەتیو یەکڕیزی بۆ نێو حیزبی دێموکرات، دووپات کردەوە. شاندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشێکی باسەکانی خۆی بۆ روونکردنەوەی بڕیارو پەسند کراوەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب، بەتایبەتی راسپێردرانی کومیتەی ناوەندیی تازە بۆ هەنگاونان بەرەو لێك نزیك کردنەوەی هێزو رێکخراوە کوردستانییەکانو، تیشك خستنە سەر هەلومەجی ئەمڕۆی ئێرانو ئەو ئەگەرانەی لەم پێوەندییەدا هەن، تەرخان کرد.

لە کۆتاییدا هەر دوو لایەن وێڕای خۆشحاڵی دەربڕین لە وێکچوونو لێك نزیك بوونی روانگەکان لە بارەی پرسی نەتەوەییو رەوتی ئاڵوگۆڕەکان لە ناوچەدا، چۆنیەتیی بەهێز کردنی پێوەندیی سیاسیو دۆستانەی نێوان حیزبەکانیان تاوتوێ کردو لە سەر پەرەپێدانی ئەم پێوەندییانە پێیان داگرتەوە.

# پەیامەکانی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان:

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژانی ١٦تا ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاوی (٦ تا ١٤ی مارسی ٢٠٠٨ی زایینی) پێك هات. لە کۆتایی کارەکانیدا کۆمەڵێك پەیامی بۆ لایەنە پێوەندیدارەکانی حیزب ناردوە کە لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا بەشێکیان بڵاو دەکرێنەوە.

## پەیام بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

**کۆمەڵانی خەباتگێری گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

نیزیك بە ٦٢ ساڵە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە نەتەوایەتی-یەکانی ئێوەدا تێدەکۆشێ. حیزبەکەمان لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هێزو گوڕو توانای خۆی لە پشتیوانیی بێدریغی ئێوە وەرگرتوە. سەرچاوەی هەرە گرنگو جێمتمانەی سەرمایەی ئینسانی و ماددیو مەعنەویی ئەم حیزبە ئێوە بوون، ڕۆڵەکانی ئێوە بوونە لایەنگرو ئەندامو کادرو پێشمەرگەو فەرماندەو ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانو هەر بۆیەش ئەم حیزبە بە هەق لە ئێوەیەو بۆ ئێوەیە. بە ڕێکەوت نەبووە کە هەر سەرکەوتنێکی ئەم حیزبە بزەی شادمانیی هێناوەتە سەر لێوانتانو بە هەر نسکۆیەکی، کزە لە جەرگی ئێوە هەستاوە. ئاخر خەباتگێرانی ئەم حیزبە، کچو کوڕو خوشكو براو دایكو بابو کەسو کاری نزیکی ئێوەن. بەرنامەو سیاسەتو ڕێبازو ئامانجەکانی حیزب سەرچاوەیان لە بیرو بۆچوونو ویستو داخوازەکانی ئێوە هەڵ بەستراوە.

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژانی ١٦ تا ٢٤ی ڕەشەمەی ١٣٨٦ی هەتاویدا پێك هات، سڵاوی ئەمەگو وەفاداریتان پێشکێش دەکاو پەیمانی خەباتگێڕانەتان لەگەڵ نوێ دەکاتەوە. گەورەترین ئارەزووی تێکۆشەرانی دێموکرات بەدەست هێنانی متمانەو ڕەزامەندیی ئێوەیە. ئێمە باش دەزانین بە بێ پشتیوانی و پشتگیریی ئێوە ناتوانین ئەرکی خەباتگێرانەمان بەجێ بگەیەنینو هەر بۆیەش وەك هەمیشەو زیاتریش چاومان لە هەوڵو هیممەتو ڕێنوێنیو ڕەخنەو پێشنیاری بەسوودو بنیاتنەری ئێوەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم کۆنگرەیەدا پێداچوونەوەیەکی بەربڵاوی بە هەڵویستو بیروبۆچوونو سیاسەتەکانی داکردوە کە لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەدا ڕەنگی داوەتەوە. هەموو ئەو ئاڵوگۆڕانە بەو مەبەستە کراون کە بتوانین وەڵامدەری هەلو مەرجی تازەی خەباتو پێداویستی-یەکانی ڕۆژگاری تازە بینو حیزبەکەمان لە کاروانی پێشکەوتنی گەلان بەجێ نەمێنێ. ئارەزوومان ئەوەیە ئەو ئاڵوگۆڕانە جێگای پەسندی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بنو لە ئاکام دا هاودڵیو پشتیوانیی ئێوەش بۆلای حیزبی دیموکراتو سیاسەتو بەرنامەکانی ڕابکێشن.

داخوازی زۆر گرنگی ئێمە ئەوەیە کە ئێوە وەك خاوەنانی ئەسڵیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان هەمیشە بەسەر حیزبەوە چاوەدێر بن، لە کەمو کوڕییەکانی بپرسنەوەو لە داخوازەکانتان ئاگاداری بکەنەوە. ڕێنوێنیو ڕەخنەو پێشنیاری دڵسۆزانەی ئێوە کۆمەگ بە دروست دەرچوونی بڕیارو سیاسەتو دروشمەکانی ئەم حیزبە دەکا. ئارەزوومان ئەوەیە پەیوەندیی لە مێژینەی نێوان ئێوەو حیزبی دیموکراتی کوردستان هەر لە پتەوە بوونو پەرەگرتن دابێ. سپاسو پێزانینمان دەرهەقی پشتیوانیو هاوپێوەندیتان قبووڵ بکەن.

## پەیام بۆ حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان

لە تریبوونی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سڵاو بۆ ئێوەی بەڕێز دەنێرین. ئێوە ڕێکخراوو حیزبە کوردستانییەکان لە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوە زۆر لێکراوەکەمانو بە ئاکام گەیاندنی ئاواتو ئامانجە لە مێژینەکانی خەڵکی چەوساوەی کوردستان دا تێکۆشاون، قوربانیتان داوەو ڕەنجو مەینەتتان کێشاوە.

**بەڕێزان!**

وەك هەموومان دەزانینو دەبینین خەباتو تێکۆشانی نەتەوەی ستەملێکراوی ئێمە لە ڕێگای وەدیهێنانی دەسەڵاتی نەتەوایەتیدا، بە قۆناخێکی ناسك دا تێ دەپەڕێ. بارودۆخی جیهانو ناوچە بە گشتی گۆڕاوە، ئاڵوگۆڕی جیدی بەسەر وەزعی سیاسی،کۆمەڵایەتی، ئابووریو پێوەندی گرتندا هاتوە. ڕەوتی خێرای بەجیهانیبوون بۆتە هۆی ئەوە کە تێکەڵاویی حیزب، ڕێکخراو، کوڕو کۆمەڵو بە گشتی هەموو ئینسانەکان لەگەڵ یەکتر بەرادەیەکی سەرسوڕ هێنەر زیاد بکا، زانیارییەکان لە کەمترین کات دا بگوێزرێنەوەو ئاڵوگۆڕی بیروڕاو هەواڵ بە هاسانی مەیسەر بێ.

لە لایەکی دیکەیشەوەو هاوتەریبی لەگەڵ ئەو ڕەوتە هاوسەنگیی سیاسی، بالانسی هێزەکانو شێوەیی هەڵسوکەوتی هێزو لایەنەکان لە سەر مەسەلەکانو لە پێوەندی لەگەڵ گیروگرفتەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیدا، گۆڕانی گەورەیان بە خۆوە دیوە.لەژێر شوێنەواری ئەو ئاڵوگۆڕانەدا کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو لە سەرەتای دەیەی ڕابردوودا، پێ-کهاتوون، خوشكو براکانمان لە باشووری کوردستان، واتە لە بەشێك لە نیشتمانی نەتەوەیی کورد تامی ئازادییان چێشتوەو بە بەشێکی گەورەی ئامانجەکانیان گەیشتوون.

**بەڕێزان!**

لەگەڵ ئەوەی کە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو بارودۆخە ناوچەییو جیهانییەکان بە قازانجی بەرەوپێشچوونو گەشە کردنی مەسەلەی کوردو ناسرانی زیاتری خەباتی نەتەوەکەمان لە نێو کوڕو کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکانو بیروڕای گشتیی جیهانیدا بووە، هێشتاش ڕێگایەکی دوورو درێژمان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان لە پێشە، هەر بۆیەش بۆ بەرێوە بردنو بە ئاکام گەیاندنی خەباتەکەمان لە ئایندەدا، پێویستمان بە بەخۆداچوونەوەو گرتنە پێشی تاکتیكو شێوە تێکۆشانی گونجاو لەگەڵ ئەو هەلومەرجەدا هەیە کە هەر ئێستا لە گۆڕێ دایە.

لەو بەینەدا پێویستە ئاماژە بەدیاردەیەك بکەین، کە بە داخەوە بەرۆکی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردی گرتوەو زیانی زۆری پێگەیاندوە. ئەویش دیاردەی ناکۆکی، دووبەرەکیو لەتبوون لە نێو حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستان دایە. بەداخەوە لە حاڵێك دا بزووتنەوەی کورد لە هەر قۆناغو سەردەمێکی دیکە زیاتر پێویستی بە یەکیەتیی کردوەو هاوکاری هەیە، ئاڵۆزیی نێوان ڕێکخراوەکانو پەرشو بڵاوییان بۆتە هۆی ئەوە کە گەلەکەمان نەتوانێ هەموو تواناو هێزی خۆی بۆ کەڵکوەرگرتن لەو بارودۆخە وەگەڕ بخاو بە سوودی بەدیهێنانی ئامانجەکانی کەڵکیان لێ وەرگرێ. یەکیەتیو هاوکاریی نێوان حیزبو ڕێکخراوە کوردستانییەکان مەرجێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنمانەو هەر بۆیەش لێرەوە، لە تریبوونی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە داوا لە هەموو هێزو ڕێکخراوە کوردستانییەکان دەکەین کە کۆتایی بە ئاڵۆزیو گرژیی نێوان خۆیان بێننو لە هەر پارچەیەکی کوردستان بۆ گەیشتن بە پلاتفۆرمێکی گونجاو لەگەڵ بەرژەوندیی نەتەوەکەمانو یەکخستنی هەموو هێزوتواناکان بۆ سەرخستنی ئەو خەباتە پیرۆزە هەوڵ بدەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان باوەڕی پتەوەی بە پێویستیی بوونی هاوکاریو هاوخەباتیی هەموو هێزەکوردستانییەکان هەیە، هەوڵدان لەم پێوەندییەدا بە ئەرکی خۆی دەزانێو بۆ خۆشی ئامادەی هاوفکریو هاوکاری لە گەڵ هەموو ڕێکخراوو هێزە دێموکراتو خەباتکارانی کوردستانە. لە خەباتو تێکۆشانتان لە پێناو ڕزگاریی نەتەوەییو دێموکراسیو دادپەروەریدا داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەینو هیوادارین گەلەکەمان بتوانێ لە سێبەری تەباییو یەکگرتوویيدا بە هەموو ئامانجەکانی خۆی بگا.

## پەیام بۆ ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!

حیزبەکەتان پاش نیزیك بە ١٥ مانگ هەوڵو تێکۆشانو کار دروستایی، چاردەیەمین کۆنگرەی ئاسایی خۆی پێك هێنا. کەمتر لە ١٠٪ بەشدارانی کۆنگرە ئەندامی ڕێبەریو زیاتر لە ٩٠٪ یان نوێنەرانی ئێوە بوون کە بیرو بۆچوونەکانی ئێوەیان هێنابووە کۆنگرەو خستیاننە بەرباسو لێکدانەوە. هەروەك لە ١٥ مانگی بەر لە کۆنگرەدا ئێوەو ڕێبەرایەتیی حیزب هەوڵتان دابوو، کۆنگرە، ورد بوونەوەو بەخۆداچوونەوە بەرامبەر بە کارو تێکۆشانو پێوەندییە نێو ڕێکخراوەیییەکانو پێوەندییە دەرەوەیییەکان لە خۆی بگرێ، ئەم کۆنگرەیە بە شێوەیەکی ئازادانەو ڕاشکاوانە ڕابردووی حیزبی خستە بەر لێدوانو دەستی لە سەر بەشێکی زۆری کەمو کوڕییەکان دانا. بۆ گۆڕینی شێوەی کارو تێکۆشانو پێوەندییە نێوخۆییو دەرەوەییەکان کۆنگرە وێڕای پەسند کردنی دوو بەڵگەنامەی گرنگی ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندیو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆ کە بە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانەو ئاشکراوێژییەوە ئامادە کراون، ڕیزەبڕیارێکی گرنگی بۆ بەرەوپێشبردنی بوارە جۆراوجۆرەکانی تێکۆشان حیزبی دەرکرد. ئەو بڕیارانە ئیلهامیان لە داخوازەکانی ئێوە بۆ گۆڕینو نوێ بوونەوەو پێویستییەکانی سەردەم وەرگرتوە کە هەر نەبێ بەشێکی گرنگ لە ئەرکەکانی قۆناخی تازەی تێکۆشانیان گرتۆتە خۆو ڕێگایان بۆ پێداچوونەوەی ڕاشکاوانەی زیاتریش خۆش کردوە.

بەڵام هەروەك ئاشکرایە لە نێوان پەسند کردنو جێبەجێ کردنی بڕیار، یان قانوونێك دا مەودایەکی زۆر هەیەو ئەوەی گرنگترە پیادە کردنی بڕیارو جێبەجێ کردنی قانوونە. بەو پێیە پەسند کراوەکانی کۆنگرە کە بە هەوڵی نوێنەرانی ئێوەو بە هێنانە گۆڕی بۆچوونەکانتان دارێژراون بەتەنێ بۆخۆیان کارساز نینو ئەوەی گرنگە پیادە کردنیان لە مەیدانی کردەوەدایە. بۆیە وێڕای گەرمترین سڵاوی هاوڕێیانەو تازە کردنەوەی پەیامی خەباتگێرانە، داواتان لێدەکەن وێکڕا قۆڵی هیممەت بۆ جێبەجێ کردنی بڕیارو پەسند کراوەکانی کۆنگرە هەڵماڵنو ئەوەی بۆخۆتان یان بە هۆی نوێنەرانتانەوە پەسندتان کردوە لە مەیدانی کردەوەدا پیادەی بکەن. بەدەنەی حیزبێکی زیندوو بۆ بەرەو پێشچوون تەنیا چاو نابڕێتە ڕێبەریو هەوڵ دەدا وێڕای هاوکاریی بێ ئەملاو ئەولا لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکان دا، چاوەدێرێکی وشیارو ئەمین بە سەر ڕێبەرییشەوە بێ کە ڕێگا نەدا لە ڕێبازی پەسند کروای کۆنگرە لابدا، یان لە جێبەجێ کردنی بڕیارەکانو پیادە کردنی پەسند کراوەکان دا کەمترخەمی بنوێنێ.

حیزبی حیزبی هەمووانە، بە هەمووانەوە جوانە. لە مێژە ئەوە دروشمی هەمووانەو ڕاستگۆییمان بەرامبەر بەو دروشمە دەبێ لە مەیدانی کردەوەدا نیشان بدەین. باوەڕمان بە لێوەشاوەییو دڵسۆزیتان بەهێزەو بە ئاواتی سەرکەوتن.

## پەیام بۆ زیندانییە سیاسییەکانو بنەماڵە سەربەرزەکانیان

پەیامی کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ زیندانی سیاسییەکان:

کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕازاوەترین سڵاو پێشکەش بە ورەی پۆڵایینو باوەڕی پتەوتان دەکات.

**ئازیزان!**

لە حاڵێك دا ئێوەی ئازادیخوازی خۆڕاگرن. لەو دیو شوورەی گرتووخانەکانی دواکەوتووترین دەسەڵاتی سەردەم دا بە ورەی پۆڵایینو باوەڕی پتەوو شێلگیرتان لە سەر ویستو داخوازە ڕەواکانتان ترسو خۆفتان خستۆتە دڵی دوژمنانی ئازادیو مرۆڤایەتییەوەو سەلماندووتانە کە ناتوانێ ببێتە هۆی لەرزۆك بوونی ورەو باوەڕتان لە هەلومەرجێك دا کە ولاتەکەماندا نرخی ئازادی ڕۆژبەڕۆژ دەچێتە سەرو بەهای گیانی ئازادیخوازانو بەگشتیو گیانی مرۆڤ لەلای دەسەڵاتدارانی زاڵ بە سەر نیشتمانەکەماندا پتر دادەبەزێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان چاردەیەمین کۆنگرەی خۆی پێك هێنا. ئەم کۆنگرەیە بەڕێزەوە سەیری خۆڕاگریی ئێوەی کردوەو ئەم فشارو ڕەفتارە دژی ئینسانیەی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ بەچۆك داهێنانی ئێوە، بە کار دەهێنرێ بە توندی مەحکووم کرد. کۆنگرە بە ئەرکی سەرشانی ڕێبەریی داهاتووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەزانێ کە بۆ گەیاندنی دەنگی ئێوە بە بیرو ڕای گشتیو لە قاودانی تاوانو سەرکوت لە دژی ئێوە، هەنگاوی جیددی هەڵبگرێ. کۆنگرە پێکهاتنی ئەنجومەنی بەرگری لە زیندانییە سیاسییەکانو پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم ئەنجومەنەی بە کارێکی پێویستو بەجێ زانیو ڕێبەریو هەموو ئەندامان، لایەنگرانو دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ڕاسپارد لە هیچ هەوڵو تێکۆشانێك بۆ پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکان لە ئاستی نێوخۆو دەرەوەی وڵات دا، درێغی نەکەن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەتاوتوێ کردنی هەلومەرجی جیهانیو ناوچەییو نێوخۆییەکانو لێکدانەوەیەکی واقیع بینانە لە گۆڕانکارییەکانی سەردەم هەروەها بە پەسند کردنی بەرنامەوپێڕەوێکی نوێو ئەمرۆییو ڕەچاوکردنی کاراترینو نوێترین مێتودەکانی خەبات، لە کۆنگرەی چاردەیەمی خۆیدا شێلگیرانەتر لە پێشوو، بۆ وەدیهانتی ئازادیو ئاواتەکانی نەتەوەکەمانو دابین بوونی مافە ڕەواکانی پێیناوەتە قۆناغێکی نوێ لە خەباتو تێکۆشانی ٦٢ ساڵەی خۆی. کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان، شانازی بە خۆڕاگریی ئێوەوە دەکاو هیوادارە هەوڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانو هەموو حیزبو ڕێکخراوە ئازادیخوازو خەباتگێڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئێران بۆ لێك نزیکبوونەوەو هاوخەباتی، ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیو جێگیربوونی سیستمێکی دێومکراتیكو فیدراڵی لێبکەوێتەوەو، ئێوەو تێکڕای هاونیشتمانان لە بەندی کۆنەپەرستیو بێدادی ڕزگار بنو لە سێبەری دێموکراسیدا ژیانێکی ئاسوودە دەست پێبکەن.

**هەوڵەکانمان بۆ گۆڕینی دیموکراتیك لەنێو حیزبو کۆمەڵ بخەینە گەڕ**

# هەواڵەکان

## ڕووناک سەفارزادەو هانا عەبدی ئازاد بکەن

### ڕاگەیەندراوی ٥٠٠ چالاکی مەدەنی، سیاسی، خوێندکاری و ژنان

حەوت مانگ لە دەسبەسەر کرانی "ڕووناک سەفارزادەو هانا عەبدی" چالاکانی بزووتنەوەی ژنان و ئەندامی کەمپەینی یەک میلیون واژۆ تێدەپەڕێ. ئەگەرچی لێپرسینەوەیان لێ کراوەو دۆسیەیان بۆ پێک هاتووەو دراوە بە دادگە، بەرپرسانی دادوەری پارێزگای سنە هەروا ئەو دوو چالاکە ژنەیان لە گرتووخانەدا هێشتۆتەوە.

ڕووناک و هانا ساڵی ڕابردوو لەگەڵ "ئەنجومەنی ژنانی ئازەرمێهری سنە" هاوکارییان کردوەو چالاکیەکانیان لە چوارچێوەی فەرهەنگی و لە بواری داکۆکی لە ژنان و منداڵان دا، بووە. بەڵام هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕێژیم ئەو دوو لاوەیان بە تۆمەتی "هەنگاونان دژی تەناهیی نەتەوەیی" دەسبەسەر کردوە. چالاکانی مافی مرۆڤ لەوە نیگەرانن ئەو تۆمەتە قورسانەی کە هێزە ئەمنیەتیەکان بۆیان هەڵبەستوون، ببێتە هۆی مانەوەی زیاتری ئەوان لە زیندان و حوکمی قورستریان بە سەردا بسەپێ.

ئەو کەسانەی ئەم ڕاگەیەنراوەیان واژۆ کردوە، وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی دژی درێژەکێشان دەسبەسەریی ڕووناک و هانا ، داوا لە دامودەزگەی دادوەری دەکەن تا بە بەفەرمی ناسینی هەموو مافە مرۆڤایەتیەکانی ئەو دوو چالاکە ژنەو هەروەها بە لە بەرچاو گرتنی چالاکیە ئاشتی-خوازانەکانیان کە لە ساڵانی ڕابردوودا لە بیاڤی کۆمەڵایەتیدا بوویانە، بێ ئەم لاو ئەولا ئازادیان بکا.



## لە سەرانسەری جیهاندا ژنان لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕووبەڕوون

ڕاپۆرتێک کە لە سەر ڕاسپاردەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان ئامادە کراوە نیشان دەدا ژنان لە سەرانسەری جیهاندا لەگەڵ هەڵاواردنی ڕەگەزی ڕووبەڕوون. ئەوە لە حاڵێکدایە ١٨٥ وڵاتی جیهان تا ساڵی ٢٠٠٥ بەڵێنیان دابوو ئەو یاسایانەی کە لە بەرژەوندی پیاوان دا داڕێژراون هەڵگرن. ئاکامی ئەو ڕاپۆرتە دەڵێ ٧٠٪ ی هەژارانی جیهان ژنان و ئەوان تەنیا خاوەنی ١٪ ئەو موڵکانەن کە بە پێی یاسا تاپۆ کراون. ڕاپۆرتەکە لە درێژەدا دەڵێ هێشتا لە ٥٣ وڵاتی جیهاندا توندوتیژی لە چوارچێوەی پێوەندی هاوسەرێتیدا بە تاوان ناژمێردرێ و یاساو ڕیسای پێوەندیدار بە تەڵاق، خزمەتگوزاریی دوای منداڵ بوون و مووچەی خانەنشینی بەشێکی دیکەن لەو هەڵاواردنانە. هەروەها لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە تەمەنی کەمی کچان لە چاو کوڕان لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا کراوە.

ڕاپۆرتەکە پێشنیار دەکا میکانیزمێکی نوێ بۆ خەبات دژی هەڵاواردنی ژنان بدۆزرێتەوە چونکە یاساکانی هەنووکەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتوەکان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی دیکە لەو وڵاتانەدا لەبەرچاو ناگیرێن و ناچنە بواری جێبەجێ کردنەوە.

## لەیلا زانا دیسان بە زیندان مەحکووم کراویەوە

لەیلا زانا بە ناوبانگترین چالاکی ژن لە تورکیەو براوەی خەڵاتی ساخارۆفی ساڵی ١٩٩٦ی زایینیی ئورووپا بە تاوانی پروپاگەندەی تێرۆریستی دیسان بە ٢ ساڵ زیندان مەحکووم کرایەوە.

لەیلا زانا لە ڕێورەسمی نەورۆزی دیاربەکرو دواتریش لە لێدوانەکانیدا داکۆکیی لە عەبدوڵلا ئۆجەلان ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان کردو ئەوی وەکوو یەکێك لە ڕێبەرانی گەلی کورد ناساند.

زانا هەروەها هێرشەکانی ئەرتەشی تورکیەی بە توندی مەحکووم کردو ڕایگەیاند تا کاتێك کوردێك لە چیا بمێنێ و ئەرتەشی تورك ئۆپەراسیۆن ئەنجام بدا، بوار بۆ چارەسەری کێشەی کورد ناڕەخسێ. ناوبراو یەکەم ژنی کوردە لە تورکیە وەك نوێنەر بۆ پارلمان هەڵبژێردراوەو لە کاتی سوێندخواردن لچکەکەی سەری یوبیلی (PKK) بوو و بەزمانی کوردیش دوا. هەر لە بەر ئەوە ساڵی ١٩٩٤ دەگەڵ ٣ نوێنەری کوردی دیکە ١٥ ساڵ حوکم دراو ڕەوانەی گرتووخانە کرا. ساڵی ١٩٩٨ پاش بڵاوبوونەوەی نامەیەکی زانا لە یەکێك لە بڵاوکراوە کوردییەکان، بە تاوانی جیاییخوازی حوکمەکەی بۆ زیاد کرا.

ئەو هەڵسوکەوتەی دەوڵەتی تورکیە لەگەڵ نوێنەرانی کوردو نارەزایەتیی دادگەی مافی مرۆڤی ئورووپای لە ساڵی ٢٠٠١و ٢٠٠٥ لێ کەوتەوەو تورکیەیان بە پێشێلکەری مافی ڕادەربڕین ناساند.

لەیلا زاناو هاورێیانی پاش ١٠ ساڵی مانەوە لە زیندان ئازاد کران. زانا پاش ئازاد بوونی پارتی کۆمەڵگەی دێموکراتیك(DTP)ی دامەزراند کە ساڵی ڕابردوو بیستویەك نوێنەری وەك تاکی سەربەخۆ بۆ پارلمان هەڵبژێردران.

## وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب:

# لە دوو کۆڕی سیاسیدا ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی خستە بەرباس



بە مەبەستی شیکردنەوەی ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەڕێز خالید عەزیزی لە دوو کۆبوونەوەی سیاسی لە وڵاتانی نورویژو سوئێد کە لەودا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی و لایەنگرانی حیزب و کەسانی سەربەخۆ ئامادە بوون ئاکام و بڕیارو پەسندکراوەکانی کۆنگرەی خستۆتە بەرباس.

پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ لە هەر دووکی ئەم کۆبوونەوانەدا بەڕێز عەزیزی وێڕای ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی سیاسیی ئێران و کوردستان تیشکی خستە سەر بارودۆخی ڕێکخراوەیی و ئاستی تێکۆشانی حیزب لە بوارە جیاجیاکان داو لایەنە جۆراوجۆرەکانی کاری کۆنگرەو خاڵە بەهێزو لاوازەکانی ئەم کۆنگرەیەو بڕیارو ڕاسپاردەکانی. جگە لەوە وتەبێژی کۆمیتەی ناوەندی لەم کۆبوونەوانەدا بە تایبەتی پێی لەسەر چالاك کردنی حیزب لە بوارە جۆراوجۆرەکانی کارو تێکۆشان و پێویستیی کۆدەنگیی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گرنگیی خەباتی مەدەنی داگرتەوە.

ئەم کۆبوونەوانە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و بەشدارانی بەرەوروو بوو.

پێویستە بگوترێ هەر لە پێوەندی لەگەڵ شیکردنەوەی ئاکامەکانی کۆنگرەی ١٤دا بەڕێزان مەولوود سوارە ئەندامی جێگری کۆمیتە ناوەندی، حەمە ڕەسووڵ کەریمی لە وڵاتانی بریتانیا و سوئێد (لینشۆپینگ) دوو کۆبوونەوەی سیاسییان بە بەشداریی ئەندامانی حیزب پێك هێنا.





## ئیدارەی کاری جوانڕۆ کرێکاران وەدەر دەنێ

ماوەیەکە ئیدارەی کاری جوانڕۆ دەستی کردوە بە دەرکردنی ئەو کرێکارانەی کە زۆربەیان ٦ـ٥ ساڵە لەو شوێنانە کاریان کردوە.

لەم پێوەندییەدا کرێکاران لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی ئیدارەی کار ناڕەزایەتییان دەربڕیوەو سکاڵایان بەرز کردۆتەوە. بەڵام بەرپرسان بە بیانووی ئەوەی کە ئەو کرێکارانە دامەزراوی فەرمی نین و بە گرێبەستی کاتی دامەزراون، هیچ وڵامێکی بە سکاڵای ئەوان نەداوەتەوە.

## چوار ئەهلی حەق لە زیندانی ورمێ مان لە خواردن دەگرن

چوار کەس لە زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی زیندانی ورمێ بە ناوەکانی ١ـ سەهەند عەلی محەمەدی ٢ـ بەخش عەلی محەمەدی ٣ـ عیبادوڵلا قاسمزادە ٤ـ مەهدی قاسمزادە کە لە ئاکامی ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٨٤ی شاری میاندواودا لە گەڵ ژمارەیەکی دیکە لە ئەهلی حەقەکانی ناوچە دەستبەسەر کرابوون لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەوە مانیان لە خواردن گرتوەو ڕاگوێزراونەتە ژوورە تاکەکەسی‌یەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ. تا ڕێکەوتی ئامادەکردنی ئەم هەواڵە ناوبراوان مانگرتنەکەیان نەشکاندوەو لە بارودۆخێکی نالەباری تەندروستی‌دا دەژین و تەنانەت ئامادە نەبوون چاویان بە بەڕێوەبەری دادگەی گشتیی پارێزگەی ورمێ بکەوێ و داوای چاوپێکەوتن لەگەڵ شاهرودی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریی ڕێژیم دەکەن.

هۆکاری مانگرتنی ئەو زیندانییانە نارەزایەتی دەربڕین بوە بە نیسبەت ئەو حوکمەی کە دادگەی شۆڕشی شاری مەهاباد بە سەردا سەپاندوون و لە لایەن دیوانی بەرزی وڵاتەوە تەئید کراوە. بە پێی بڕیاری دادگەی شۆڕشی مەهاباد سێ کەسی یەکەم هەر کامەیان بە ١٣ ساڵ زیندان و دوورخرانەوە بۆ یەزدو کەسی چوارەمیش بە ئێعدام مەحکووم کراوە.
شایانی باسە ئەو ٤ زیندانییە لە ڕەوتی شەڕو ئاڵۆزییەکانی نێوان هێزی ئینتزامیی ڕێژیم و لایەنگرانی ئایینی ئەهلی حەق لە ساڵی ١٣٨٤ لە میاندواو دەسبەسەر کراون، کە لەو ئاڵۆزییانەدا ٧ کەس لە لایەنگرانی ئەهلی حەق کوژران و چەندین کەسی دیکەش بریندار بوون.

لایەنگرانی ئایینی ئەهلی حەق هەمیشە لە ژێر گوشارو چەوساندنەوەی چەند بەرامبەردا بوون و لە لایەن بەرپرسان و کاربەدەستانی ڕێژیمەوە سووکایەتیان پێ دەکرێ. ئەهلی حەقەکان خۆیان ئەم گوشارو چەوساندنەوەی لە ڕادەبەدەر بۆ دوو هۆکاری نەتەوەیی و ئایینی دەگێڕنەوە.

## لە چۆمان هێرش دەکرێتە سەر کاسبکاران

ڕێکەوتی ٢٢ی خاکەلێوە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە سوپای پاسداران و هێزە ئینتزامی‌یەکانەوە شاڵاو دەبەنە سەر بارخانەی سنووری چۆمان و ماڵە دۆمی ناوچەی بانەو بڕی ٢٠ هەزار دەبە بێنزینی کاسبکاران و خێوەتەکانیان دەسوتێنن و هەروەها دەست بەسەر ١٣ ماشینی پڕ لە باری بێنزین دادەگرن.

## دوو مامۆستای ئایینی قۆڵبەست و بەرەو شوێنێکی نادیار ڕاپێچ دەکرێن

شەوی ٢٣ی خاکەلێوە هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم ڕژانە نێو مزگەوتی نەبیی شاری سنەو مەلا ئەیوب گەنجی و مەلا حەسەن زارعی مامۆستاو بەرنوێژی مزگەوتی ئاماژە پێکراو قۆڵبەست دەکەن و بەرەو شوێنێکی نادیار ڕاپێچیان دەکەون. تا ئامادە کردنی ئەو هەواڵە هیچ زانیارییەك لە چارەنووسی ئەو دوو دەستگیر کراوە لە بەر دەست دا نیە.

شایانی باسە ئەیوبی گەنجی ماوەیەك لەمەو بەر پاش ئەوەی کە لە یەکێك لە خوتبەکانی نوێژی هەینی‌دا شەهید کردنی ئیبراهیم لوتفوڵلاهیی مەحکووم کرد، لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی ڕێژیمەوە ڕفێندراو پاش چەند ڕۆژ بە بێ هۆشی لە نزیك مزگەوتی نەبی لە کاتێکدا شوێنەواری ئەشکەنجە بەسەر جەستەیەوە دیار بوو، دۆزرایەوە.

## محەمەد سەدیق کەبوودوەند:

### ئەو حکوومەتانەی مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، هەڕەشەن بۆ سەر ئاشتی و ئەمنیەتی مرۆڤایەتی

سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بە بۆنەی چوارەمین ساڵی دامەزرانی ڕێکخراوەکەیانەوە لە زیندانی ئێوینەوە پەیامێکی بڵاو کردەوە. سەرۆکیRMMK دەوڵەتانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ، وەکوو هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی جیهانی ناودێر دەکا.

کەبوودوەند لە پەیامەکەی خۆیدا دەڵێ ڕێکخراوەکەمان ئەگەرچی لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا لە کەش و هەوایەکی پڕ لە سەرکوت و بەرتەسك داو لە ژێر گوشاری پۆلیس و هێزە ئەمنیەتییەکان توانیویەتی زۆر چالاك بێ، بەڵام پەرەسەندنی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ هیچ دەرەتانێکی بۆ خۆشحاڵی دەربڕین و پیرۆزبایی گوتن بەو بۆنەیەوە نەهێشتۆتەوە. زۆر بە داخەوە دەبێ ڕابگەیەنین سەبارەت بە کەم بوونەوەی ڕێژەی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ هیچ سەرکەوتنێك بە دەست نەهاتوە.

سەرۆکی RMMK لە پەیامەکەی خۆیدا ڕاشکاوانەو بە بوێرییەوە باس لە هەموو جۆرەکانی پێشێل کردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان دەکاو بە توندی ڕەخنە لە ڕێژیم دەگرێ و دەڵێ: کۆماری ئیسلامی هەموو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤی لە ژێر پێ خستوەو بوارێکی بۆ ئازادییە سیاسی و بنەڕەتییەکان، ئازادی ویژدان و ڕادەربڕین و.... مافی دیاری کرانی چارەنووس بۆ خەڵك و بۆ گەلانی ئێران نەهێشتۆتەوە.

کەبوودوەند لە کۆتایی پەیامەکەیدا پێشنیار دەکا کە بە سەرنجدان بەوەیکە لە سەرەتای سەدەی ٢١دا بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان، ئێران، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەگشتی لە جیهان دا بەرەو نالەبارییەکی زیاتر دەچێ، دەبێ لایەنگران و داکۆیکەرانی مافی مرۆڤ میکانیزم و ڕێگەی نوێ بۆ خەبات دژی پێشێل کردنی مافی مرۆڤ بگرنەبەر.

## کوژرانی لاوێکی سەقزی لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە

**هەندێك سەرچاوەی خۆجێی ڕادەگەیەنن کە شۆڕش لەلایەن گرووپێکی ئیسلامی ڕادیکاڵەوە کوژراوە**

ڕۆژی ١٦ی خاکەلێوە لە گەڕەکی ساڵحاوا لاوێك بە ناوی شۆڕش سەلیمی لە لایەن کەسانی نەناسراوەوە سەر دەبڕدرێ و تەرمەکەی لەت لەت دەکرێ و فڕێ دەدرێ.

هەندێك لەو سەرچاوە هەواڵیە خۆجێیانەو خەڵکی ناوچەکە لە سەر ئەو باوەڕەن کە شۆڕش لە لایەن کەسانی ئیسلامیی ڕادیکاڵی لایەنگری مەلا محەمەدی عەلەوی ناسراو بە مەلا محەمەدی یەکشەوەوە کوژراوە. بەڵام تا ئێستا هیچ گرووپ و لایەنێك بەرپرسایەتیی ئەو کارەی وەئەستۆ نەگرتوەو پولیس بەرپرسانی ئەمنیەتیی سەقزیش تا ئێستا لەم بارەیەوە بێدەنگن و هیچ لێدوانێکیان نەداوە.

شایانی باسە مەلا محەمەدی یەکشەوە یەکێك لە بونیادگەراکانی ناوچەیەو لاوان بۆ جەهادی ئیسلامی هان دەداو تەنانەت لەم دوایانەدا هەندێك لە لایەنگرانی خۆی بۆ ئەم مەبەستە ڕەوانەی سیستان و بەلوچستان کردوە.

## هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ پەرەپێدانی دیاردەی جاشێتی

لە درێژەی پیلانەکانی ڕێژیم کۆماری ئیسلامی بۆ شکاندنی ئیرادەی گەلی کورد، ئەو جارەش لە سەقزو ناوچەکانی دەوروبەری بە هاندان و بەڵێنی و پول و پارە دەیەوێ لاوانی کورد هەڵخەڵەتێنێ و پەرە بە دیاردەی جاشێتی بدا. لەم پێوەندیەدا ئیدارەی بەسیجی سەقز لەم ماوەیەی ڕابردوودا پروپاگەندە بۆ ناونووس کردنی لاوانی کورد لە ڕیزەکانی بەسیج دا دەکا. بۆ ئەم مەبەستەش ڕایانگەیاندوە بۆ هەر کەسێکی سەڵت مانگانە ٣٥٠ هەزار تمەن و بۆ کەسانی خێزانداریش جگە لەو بڕە پارەیە بۆ هاوسەرەکەی ٥٠ هەزار تمەن و بۆ هەر منداڵێکیش ١٠ هەزار تمەن موچە دیاری کراوە.

شایانی باسە ڕێژیم لە چەند مانگی ڕابردوودا هەوڵێکی زۆری لەم پێناوەدا داوەو هەمان سیاسەتی لە شارەکانی مەهاباد، سەردشت و بۆکانیش ڕەچاو کردوە.

## دوایین هەواڵی ڕەوشی دەستبەسەر کراوانی گوندی دارابی شارستانی داڵاهۆ

بە دوای پێکهەڵپڕژانەکانی حەوتووی ڕابردوو هێزە ئینتزامی‌یەکانی ڕێژیم لەگەڵ خەڵکی گوندی دارابی ناوچەی داڵاهۆو دەسبەسەر کرانی دەیان کەس لە خەڵکی ئەو گوندە، بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی موکریان، ژمارەیەکیان ئازاد کراون بەڵام تا ئێستا ١٢ کەسیان هەروا لە گرتووخانەدا ماوە کە ناوەکانیان بریتین لە.


حوسین تەدەیۆن، سالار تەدەیۆن، عەبدولرەحمان دارابی، عەدنان دارابی، یاسین دارابی، حەیدەر دارابی، عەبدولرەحمان سەید مورادی، عیرفان مورادی، سابیر سەید مورادی، محەمەد سەید مورادی، حەیدەر کەرەمی و جەعفەر کەرەمی.

## پاسگای سنووری ماڵتە تەقە لە کاسبکاران دەکا

کوردستان و کورد ـ پاسگای سنووری ماڵتە لە ناوچەی بانە ڕۆژی ٢٦ی خاکەلێوە تەقەی لە کاسبکارانی سەر سنوور کردو لە ئاکام دا هاووڵاتییەك بە ناوی حەسەن ڕەسووڵی خەڵکی گوندی سیاوەمەی بانە بە توندی بریندار دەبێ. ناوبراو ئێستا لە نەخۆشخانەی بانە لە ژێر چاودێری پزیشکی دایە.

# هاوپەیمانی، تێکەڵ بوون یان یەکگرتن، کامەیان‌و چۆنا‌و چۆن

هادی سۆفی‌زادە



لە وڵاتانی پێشکەوتووو پێگەیشتوودا، پێکهاتەی پلورالی‌و فرەحیزبی یەکێ لە مافە سیاسییەکانە کە جێی خۆی گرتوە‌و جێی مشت‌و مڕ نیە. بە پێی یاسای پێکهێنانی حیزبەکان ٥٠ کەس مافی دروست کردنی حیزب‌و ١٥ کەس مافی دروست کردنی ڕێکخراوو هەر بنکەیەکی مەدەنی‌و پیشەیی‌یان هەیە. لە فەرهەنگی زانستی سیاسی‌دا حیزب وا پێناسە کراوە کە بریتی‌یە لە هێندێك کەس کە بیروباوەڕێکی هاوبەشیان هەیە‌و بە حیساب لە کەسانی ئاگای کۆمەڵگان‌و بۆ ئامانجێکی هاوبەش لە دەوری یەکتر کۆدەبنەوە. لە یاسای نێونەتەوەیی‌دا بە پێی خاڵی بیستەم بڵاو کراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان‌و هەروەها کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی مافی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی کە لە ساڵی ١٩٦٦دا دەنگی پێدراوە باسی لە مافی ئازادیی پێکهێنانی حیزب‌و سەندیکا کردوە. نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران حیزبی سیاسیی وەك نیهادێك قبووڵ کردوە. لەم بارەیەوە قانوونی بنەرەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە فەسڵی سییەم دا کە دیهەوێ باس لە مافی نەتەوەبکا، لە مادەی بیست‌و شەشەم لە بارەی ئەحزابی سیاسی‌دا ڕوونی کردۆتەوە کە حیزبەکان، کۆمەڵەکان، ڕێکخراوی سیاسی‌و پیشەیی‌و ڕێکخراوە ئیسلامی-یەکان یان کەمینە ئایینی‌یە ناسراوەکان ئازادن بەو مەرجەی پرەنسیپی سەربەخۆیی، یەکیەتیی نەتەوەیی‌و پێوانە سیاسی‌و بنەڕەتی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی پێشێل نەکا. کەس ناتوانێ بە زۆر کەسێك بکات بە ئەندام یان پێش بە ئەندامەتیی کەسانی دیکە بگرێ. حیزب کەرەسەیەکە بۆ خەباتی پارلمانی، بەشداری لە کاروباری وڵات‌و دەربڕینی ویستی خەڵك‌و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی دێموکراسی. بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆرو نیمچە کوودیتایی‌دا بە هۆی ئەوەی هەموو هێز لە دەستی هەیئەتی فەرمانڕەوا دایە‌و کەش‌و هەوای خراپی سیاسی، پێکهاتنی ئەحزاب لە تاراوگە‌و چالاکی بە شێوەی نهێنی، بەرهەمەکەی ئەوەیە کە خەباتی چەکداریی لێ دەکەوێتەوە. چالاکی لەوها شێوازێك دا زیندان، ئەشکەنجە، ئێعدام‌و کوژرانی بە دواوەیە. ئەمەش نرخەکەی ئەوەیە کە بە چاوێکی پیرۆز سەیری حیزبەکان دەکرێ. هەرچەند ئەگەر سەیری ئاڵوگۆڕەکانی جیهان بکرێن ڕوانگەی سەرەوە تا ڕادەیەك بۆچوونی حکوومەتی‌و دژبەرەکانی گۆڕیوە بەڵام پێوەندیی نێوان حیزب‌و دەسەڵات لە وڵاتی ئێران دا لە کەش‌و هەوای ڕابردوو و لەسەر بنەمای سیاسەتی لە نێوبردن لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە‌و چالاکیی نهێنی لە لایەن دژبەرەکان، سەرچاوەگرتوە‌و دەکرێ. جیا لەو سیستمە سەرەڕۆیەی ئێستا هەیە یەکێ لە نیگەرانی‌یەکانی چالاکانی سیاسیی ئێستا‌و پرش‌و بڵاوی‌و لاواز بوونی پێوەندیی حیزبەکانی ئێران لە گەڵ یەکترە. بەر بڵاوی‌و هەست بە بەرپرسایەتی نەکردنی حیزبەکان لە بەرامبەر ئەرکەکانیان دا جێی ڕەخنەی هەموو لایەکە، لە بەر ئەوەی کە لە لایەك هەموان کەوتوونە بەر ڕق‌و کینەی دەسەڵاتەوە‌و کەچی ئەوان بۆ خۆشیان دەیانهەوێ یەکتر وەلا بنێن‌و یەکتر قبووڵ ناکەن. لە کەش‌و هەوایەکی ئەوتۆدا خەڵك متمانەی بەو حیزبانە کەم بۆتەوە‌و ئەگەری مانەوەی حکوومەتی زیاتر کردوە. جێی وەبیر هێنانەوەیە لە نێو ئەو حیزبانەدا کە بەراستی نرخێکی زۆری بۆ لابردنی بێ متمانەیی‌و لێك دوور کەوتنەوە داوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، دیاریکردن‌و سەرنجدان بە ئەرکێکی ئاوا گرنگ بوو کە بوو بە هۆی ئەوەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی‌و هاوڕێیانی لە ساڵی ١٩٩٢دا لە پێناوی دیتنەوەی ڕێگا چارە‌و لە نێوبردنی ئەو پەرش‌و بڵاوی‌یەدا لە ریستۆرانی میکونووس گیانیان لە دەست دا. بە پێی ئەو بەڵگە‌و دیکۆمێنتانەی لە حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و ئەو نووسراوانەی لە ناوبراو بەجێ ماوە‌و لە ئارشیودا پارێزراوە وا نیشان دەدەن کە تەواوی بیرو زەینی ڕێبەری شەهیدمان لێك نزیك کردنەوەی هێزە چەپەکان‌و ئازادیخوازان بوو. 

ئەوەی کە جێی سەر سوڕمانە ئەوەیە کە سیاسەتوانانی ئێرانی تا ئێستا نەیانتوانیوە ئامانجەکانی شەرەفکەندی‌و هاوبیرانی بگەیەننە سەرەتایەکی لەبار لە مێژووی شۆڕش داو بۆ ڕزگاریی وڵات بیکەنە دەسپێکی نوێ. دوکتور شەرەفکەندی ماوەیەك بەر لە تیرۆری لە وتووێژێك لە گەڵ ڕادیۆ فەرانسەدا ڕایگەیاند کە مانەوەی نیزام هی بەهێزیی ئەو نیزامە نیە بەڵکوو لە بەر بێ هێزیی ئۆپۆزیسیۆنە. لە گەڵ ئەوەی ناوبراو ڕێبەری حیزبێکی ناوچەیی بوو بەڵام هەستی بە پێویستیی یەکگرتن کردبوو.

دیاردەی هەڵوەرین‌و قەیرانی تەشکیلاتیی حیزبە ئێرانی‌یەکان دەکرێ لە سەرەتای دامەزراندن لە دەورانی مەشرووتە تا ئێستا وبیر بێنینەوە. بە دوورکەوتنەوە لە قۆناغی مەشرووتە بە درێژایی مێژوو، حیزبی توودە کە بە حیزبی دایك دەناسرا بە خاڵی وەرچەرخانی گرینگ لە پێکهێنانی حیزبەکانی ئێران دەژمێردرێ. بوونی حیزبە ڕێگرەکان دەکرێ بە دوو دەستەی بەر لە شۆڕش‌و دوای شۆڕش دابەش بکرێ. ڕادەی دارمانی حیزبەکان لە دوای شۆڕش دەگەڵ بەر لە شۆڕش بۆ بەراورد نابێ. لە گەڵ بەردەوامیی تەمەنی کۆماری ئیسلامی حیزبەکان بۆ دیتنەوەی ڕێگا چارە وەدوای جۆرێك هاوکاری‌و هاوئاهەنگی لە شۆڕش دا بوون بەڵام بێ ئاکام بوو.

لەلایەنی کۆمەڵناسی‌و دەروونناسیی کۆمەڵایەتی‌یەوە ئەم مەسەلەیە جێی باس‌و خواسە. چونکە جگە لەوەی خەڵکی ئێران بە زەحمەت ڕێك دەخرێن، حیزبەکانیش کە ئەرکی متمانەسازییان لە کۆمەڵگادا لە سەر شانە، بە هەڵس‌وکەوتی خۆیان کۆمەڵگایان بەرەو بێ متمانەیی ڕاکێشاوە. موهەندیس بازرگان لە کاتی دامەزراندنی "نهضت آزادی"دا دەڵێ: بۆچی ئێرانیەکان لە حیزبەکان دوور دەکەونەوە؟ زۆر گرینگە، سەرچاوەی ئەم ڕاستی‌یە بۆ دوو هۆی سەرەکی دەگەڕێتەوە: یەکەم حیزبەکان‌و گرووپەکان‌و کۆمپانیاکان‌و بەگشتی کۆمەڵەکان زۆربەیان بە تایبەتی لە ڕابردوودا ئەزموونێکی خراپیان داوەتە دەست‌و خەڵك بێ هیوا بووە. زۆرن ئەو حیزب‌و ئەنجومەنانە بۆ بەرژەوندی تاکەکان‌و بە مەبەستی بوون بە وەکیل‌و بوون بە سەرۆك پێك هاتوون‌و هەرکە بە ئامانج گەیشتوون نەماون. لە کۆمپانیاکان کڵاویان لە سەر خەڵکی داناوە. لەم پێکهاتانەدا مەبەستە تایبەتییەکان، دەسەڵاتخوازی‌و گیرە‌و کێشە‌و گرووپ بەندی پێك هاتوە وبێ بنەمایی‌و بێ متمانەیی‌و بێ دیسیپلینی زاڵ بووە. کۆی ئەم ڕەوتانە کاتێك بێ متمانەی دەگەل بێت بیرەوەریی تاڵی لە ڕەوتی گشتی بە دوای خۆی‌دا بە جێ هێشتوە. دووهەم هۆی گرینگتر ئەوەیە کە تایبەتمەندیی ڕەگەزی‌و پێکهاتە فکری‌و دەروونی‌یەکانی ئێمە دەگرێتەوە" موهەندیس بازەرگان ئەو قسانەی لە دەیەی چلی کۆچی‌دا کردوون‌و ئەگەر ما با چ لێکدانەوەیەکی دەبوو لە سەر وەزعیەتی ئێستا؟

بۆ لاپەڕی١١



## هەوڵ بۆ نانەوەی "شەڕی ئایینی" لە کوردستان

ئاسۆسالح

بە پێی دوایین هەواڵەکان، وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران خەریکە بە کردەوە پلانی "شەڕی ئایینی" لە کوردستان جێبەجێ دەکا.

ئەو پلانە لەو شارانە جێبەجێ دەکرێ کە پێکهاتەی ئایینیی دانیشتوانی لێك جیاوازە‌و بەمەبەستی پاساو هێنانەوە بۆ گرژ کردنی گوشارە ئەمنییەتیەکان لە ناوچە کوردنشینەکان‌و نانەوەی دووبەرەکی لە چوار پارێزگای کوردنشینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە دەچێ.

بەو مەبەستە، لەو ڕۆژانەدا لە پارێزگە کوردنشینەکان کۆبوونەوەی ئیداری تایبەت‌و نهێنی بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە بەستراوە. لە ماوەی حەوتووی ڕابردوودا بەرپرسانی پایەبەرزی پارێزگەی سنە لە کۆڕو کوبوونەوە تایبەتەکانی خۆیان بە ئامادە بوونی سەرۆکی ڕێکخراوی تەبلیغاتی ئیسلامیی کوردستان، بەڕێوەبەری گشتیی ئیتلاعاتی پارێزگای سنە، فەرماندەری لەشکری ٢٨، فەرماندەری سوپای ناوچە، فەرماندەری هێزەکانی بەسیج‌و پارێزگار بە سەرۆکایەتیی موسەوی، نوێنەری خامنەیی لە پارێزگەی سنە، چەند جار لە سەر پێویستیی سەرکوتی تاقمی وەهابی‌و نەریتگەرای ئیسلامی لە کوردستان جەختیان کردۆتەوە.

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵێك لە خوێندکارانی ئایینی (طلاب)ی خوراسانی ڕەزەوی‌و ئیسفەهانیان لە چوارچێوەی گرووپی ئایینیی جۆراوجۆردا هێناوەتە شارەکانی قوروە‌و بیجار (وەك دوو شاری پارێزگەی سنە کە پێکهاتەی ئایینیی جیاوازیان هەیە)و ڕاسپێردراون کە تەبلیغاتی ئایینی دەست پێبکەن. بەرپرسی ڕێکخستنی خوێندکارانی ئایینی لە ئەستۆی " بەهاری" یەکێك لە ئاخوندە لیباس شەخسییە ناسراوەکانی پارێزگای سنەیە.

ئەو شارانەی پێکهاتەی ئایینیی جیاوازیان هەیە لە پارێزگەکانی کرماشان،، سنە، ورمێ‌و ئیلام هەڵکەوتوون کە سەرەڕای بوونی فەرهەنگ‌و مێژووی هاوبەش، بەڵام لە بواری ئاینزاییەوە لێك جیاوازن. سوونە، شیعە‌و ئەهلی حەق ئایینەکانی باوی ئەو ناوچانەن‌و لە هێندێ شاریش هەرسێ ئاینزاکە دەبینرێ.

کۆماری ئیسلامی بەردەوام هەوڵی ئەوە بووە بە کەڵك وەرگرتن لە جیاوازیی ئایینی‌و فاکتۆری شوناسی ئایینی، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد بەلاڕێدا بەرێ‌و شوناسی نەتەوەیی لاواز بکا. بۆ وێنە بەردەوام ویسـوویەتی داواکاریەکانی نەتەوەیی کورد لە چوارچێوەی پرسی ئایینی‌دا کورت کاتەوە‌و خەڵکی ئەو شارانە دژی یەك ڕاستەوەکا. بەڵام تا هەنووکە ئەو هەوڵانەی بێ ئاکام بوون، بۆیە وێدەچێ بەو کۆبوونەوانەی ئەو چەند ڕۆژەی دوایی لە پارێزگە کوردنشینەکان ئەو پرسە بچێتە قۆناخێکی نوێیەوە.

## بڕووخێ ڕێژیمی کۆنە پەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران



### خالید عەزیزی:

# کۆمیتەی ناوەندیی ئێمە لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێوەندی دەگرێ

## دەقی کۆنفراسی چاپەمەنیی ژمارەیەك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندیی حیزب لەگەڵ میدیاکانی باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان

(بەشی دووەم)

پێش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی ڕەشەمەو بە دوای کۆتایی هاتنی چواردەیەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانی بۆ چەند کەس لە ئەندامانی تازە هەڵبژێراوی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێك هات. لەم کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب پێك هاتبوو، ژمارەیەکی بەر چاو لە هەواڵنێرانی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی باشووری کوردستانو هەواڵنێرانی حیزبو ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشدار بوون.

لە سەرەتای کۆنفرانسەکەدا کاك خالید عەزیزی، وتەبێژی کومیتەی ناوەندی باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ئامادەکاریی کۆنگرەو چۆنیەتیی بەڕێوەچوونی کۆنگرەو باسو پەسندکراوەکانی کۆنگرە پێشکەش بە بەشدارانی کرد کە دەقی قسەکانی بەڕێزیان لە ژمارەی ڕابردوودا بڵاو بۆوە. لەم ژمارەیەشدا سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی پرسیارو وەڵامەکانی ئەم کونفرانسە ڕادەکێشین:

**ئەحمەد سەفا لەلایەن کوردستان ڕاپۆرتو ڕۆژنامەی میدیاوە: پێوەندییان لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان چۆنە؟**

**مستەفا شەڵماشی:** حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕۆژەوە کە مەجبوور بووە لێرە نیشتەجێ بێ بە دەلیلی شێوەی خەبات لە ئێراندا یەکێك لە ستراتیژییەکانی - ناکرێ بڵێم ستراتیژیی سیاسی بەڵکوو قەناعەتی نەتەوەیی - یا هەست بە بەرپرسایەتیی نەتەوەیی ئەوە بووە کە تێبکۆشێ لە موعادلاتی ، عیلاقاتی حکوومەتی هەرێم لە گەڵ ناوچەکەدا، لە گەڵ دەوروبەردا تا ئەو جێیەی پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بووە نەتەنیا هیچ گرفتێكو موشکلەیەك نەیەتە پێشێ، بەڵکە ئێمە کار ساز بین. بنەمای ڕەوابیتی ئێمە لەگەڵ حکوومەتی هەرێم ئەوەیە چون ئەو حکوومەتە کە بەرهەمی دنیایەك تێکۆشانو فیداکاریی کۆمەڵانی خەڵکە لە باشووری کوردستان تا ئێرە بچێتە پێشێو لە داهاتووش دا سەرکەوتوو تربێ. لە ژێر ڕووناکیی ئەو سیاسەتەدا لە لایەك ئیستقلالی سیاسیی حیزبو لە لایەك بەرپرسایەتیی نەتەوەیی، ئێمە هەوڵمان ئەوەیەو تێدەکۆشین زیاتر لە جاران عیلاقاتو پێوەندیمان لە گەڵ حکوومەتی هەرێم خۆش بێو حیزبی دێموکراتی کوردستان تێدەکۆشێ لە سیاسەتو بۆچوونەکانیدا بە هیچ جۆرێك لە هیچ گۆشەیەك دا نەبێتە ئەسبابی موشکلات. لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوندیی خەڵکی باشووری کوردستان پرۆژەکانی حکوومەتی هەرێمدا بە خۆشییەوە دەبێ بڵێم حکوومەتی هەرێمی کوردستان تا ئێستا عیلاقاتی لە گەڵ حیزبەکەی ئێمە خۆش بووە: ئیحترامێکی موتەقابیلی هەر دوولایەنی تێدا بووە. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان زۆریان لێ ڕازین، زۆریان لێ مەمنوونین بە دەلیلی دەربڕینی ئیحترام لە هەمان کاتیش دا وەك وەزیفەیەك لێرە بە بەشێك لە وڵاتی خۆمان دەزانین.

**پ: ئازاد شێخی ڕادیۆ دەنگی کوردستان:** ئایا ئەندامانی حیزب جیا لەوەی لە حیزبەکەی خۆیاندا دەتوانن بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبێ دەتوانن لە دەرەوەی ئەو ساختارە حیزبییەی کە هەیە بیرو بۆچوونی خۆیان دەربڕن؟ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەهەڵ گرتنی دروشمی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیكو فیدراڵ دا لە باری نەتەوەییەوە خۆی تۆخ کردۆتەوە ئایا ئەوە کێشە ساز ناکا لەگەڵ حیزبە شوڤینیستەکانی ئێرانو ئەو هێزانەی باوەڕیان بە تەواوەتیی ئەرزیی ئێران هەیە؟

**هێمن سەیدی:** سەبارەت بەوەی کە دەربڕینی بیروبۆچوونی ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی حیزب دەبێ چۆن بێ. تەبعەن گوفتمانێك کە لە داخلی حیزبدا هەیە لەگەڵ دەرەوەی حیزب جیاوازە، بەڵام بەو مانایە نیە کە ئەندامانی حیزب بۆیان نیە لە دەروەی حیزب بیروبۆچوونی جیاواز لە بیروبۆچوونی حیزب مەترەح بکەن. ئەوەی کە تەقریبەن بە هێڵی سوور دادەنرێ بیروبۆچوونی موتەزاد یا دژ بە ستراتیژیی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە تەبعەن کەسێك کە بیروبۆچوونی موتەزادی لەگەڵ بیروبۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا هەبێ ئوسووڵەن لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا جێی نابێتەوە چ بگا بەوەی بیرو بۆ چوونی خۆی دەربڕێ. ئێمە بە سەراحەت گوتوومانە لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا فراکسیونی ئاشکرای فیکریو سیاسی ئازادە، کەسانێك کە لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا فراکسیونێکی فیکریو سیاسییان هەبێ لە نێو ئەو چوارچێوەیەدا لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دنیای دەرەوەی حیزب دەتوانن بیروبۆچوونی خۆیان باس بکەن تەنانەت ئەگەر هێندێکیش لەگەڵ بیروبۆچوونی فەرمیی حیزبی دێموکراتی کوردستان جیاوازیی هەبێ.

**کوێستان گادانی:** دروشمی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانی دێموکراتو فیدراڵدا، هۆی ئەو گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە گرینگی بە پێناسەی نەتەوەیی کورد بدرێ لە چوارچێوەی ئێرانداو بەو مانایە نیە کە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیەوێ خۆی لە خاکی ئێران جیا بکاتەوە. پێناسەیەکی نەتەوەیی کە هەستی نەتەوایەتی لە کوردستاندا وەکوو هەر چۆن بۆ خۆمان بەرەوای دەبینین بۆ نەتەوەکانی دیکەش لە چوارچێوەی ئێراندا بەرەوای دەبینین. پێم وا نیە هیچ کۆسپێك بکەوێتە سەر ڕێگەبۆ ئەوەی کە شۆڤینیستێکی ئێرانی موخالیفەت لەگەڵ ئەوەی بکا چونکە هەر وەك باسم کرد ئەو پێناسەیە نەتەوییەی کە بۆ خۆمان وەك نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەوا دبینم بۆ نەتەوەکانی دیکەش هەر ئەو هەڵوێستەمان هەیە.

**پ: محەممەد ڕەسوول کەریمی ماڵپەڕی گیارەنگ:** لە نێو کومیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی ١٤ ناوی چوار کەسایەتی کە حیزبی دێموکراتیان پێوە ناسراوە، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، کاك جەلیل گادانی ، حوسێن مەدەنیو فەتاح کاویان لەو لیستەدا نەبوو. هۆی بەشداری نەکردنیان لە سەتحی ڕێبەریدا چ بوو ئایا خۆیان نەپاڵاوت یا کۆسپێکیان لە سەر ڕێگا بوو؟ ئایا لایەنی بەرامبەر کە داوای گۆڕینی ناوی حیزبیان کردبوو وەك ئاگادارن ئەندامەکانی خۆشتان لە دەرەوە دوو ناوی دیکەیان پێشنیار کردبوو چۆن بوو کۆنگرەی ١٤ ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی نەگۆڕی؟

**قادر وریا:** ئەوەندەی کە پێوەندیی بەو چوارکەسایەتییەی نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەبووە بەڕێزان عەبدوڵڵا حەسەنزادەو کاك جەلیل گادانیو کاك حوسێن مەدەنیو کاك فەتاح کاویان، ئەو بەڕێزانە لەبەر ئەوەی بە خۆشییەوە ئێستاش توانای کارو تێکۆشانیان هەیە بەڵام بێگۆمان ساڵانێکی زۆرە لە نێو حێزبی دێموکراتدا زەحمەت دەکێشنو تەمەنێکی زۆریان لە حیزبی دێموکرات دا تێپەڕ کردوە بۆ خۆیان بەراستی بە داخوازی خۆیان پێیان خۆش بوو ئەوان وەك پشتیوانو ڕێنوێنی کۆمیتەی ناوەندیی تازە بمێننەوە، بەڵام لە دەرەوەی ڕێبەرایەتی بن، یانی ئەزموونەکانیان لە ئیختیار ئەو کۆمیتە ناوەندییە تازەدا بێت، بەڵام بۆ خۆیان داوتەڵەبانە ڕێگە خۆش بکەن نەسڵەکانی دوای خۆیان کەسانێك کە لە دوای ئەوانەوە هاتوونە نێو حیزب لەم حیزبەدا ڕۆڵیان هەبێتو سوکانی حیزب بگرنە دەست. ئەو هەڵوێستە لە لایەن کۆنگرەوە زۆر بەڕێزو پێزانیننەوە وەرگیراو ئەمەشی سەلماند کە ئەو داوای ڕیفۆرمو نوێ بوونەیە کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەیە لە لایەن ڕێبەرانی حیزبەوە لە خۆیانەوە دەست پێ دەکەن. هەر بۆیە ئەوان لەم کۆنگرەیەدا زۆر چالاك بوون. زۆر ڕۆڵیان هەبوو لە سەرکەوتنی ئەو کۆنگرەیەداو بۆ خۆشیان بە ویستی خۆیان نەیانویست هەڵبژێرێنەوە. لەگەڵ ئەوەی کە لە حیزبی دێموکراتدا ئەسڵێکی وا هەیە کە ئەگەر کەسانێك دەگەنە تەمەنێکی دیاری کراو دەتوانن، یانی فشاریان لە سەر نیە بۆ ئەوەی کە مەسئولییەت بگرنە ئەستۆی خۆیان. بەڵام ئەوان بەراستی حەزیان دەکرد کە ئەو مەیدانە بدەن بە کەسانی جەوانتر، کەسانێك کە تواناو وزەی زیاتریان هەیەو دەتوانن پتر لەو حیزبەدا دەوریان هەبێو بە ئەزموون و هاوکاریی خۆشیان پشتیوانی ئەو ڕێبەریە بن.

**هێمن سەیدی:** لە ڕۆژی یەکەمی لەتبوونی حیزبەوە یەکێك لەو مەرجانە کە هاوسەنگەرانی پێشوومان بۆ ئاسایی کردنەوەی پێوەندییان لەگەڵ ئێمە دایاننابوو ئەوە بوو کە ناوی خۆمان بگۆڕین. لە ڕاستیدا ئێمە هەر ئەوکاتیش پێمان وابوو ئەو ویستەمان ئەنجام داوە، هەر ئەو کاتیش ئێمەو ئەوان دوو ناوی جیاوازمان هەبوو، ئێمە بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەناسراین ئەوانیش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو ئەوەش شتێکی زۆر ئاساییە. زۆر جار هەیە ویرگوولێك، خەتی تیرەیەك، فلاشێك تەنانەت هێمایەکی گچکەی فۆنۆتیکی دەتوانێ دوو ناو لێك جیا کاتەوە. کەواتە لە ڕۆژی یەکەمیشەوە ئێمە ئەو موشکیلەمان هەست پێنەکردبوو وەك کێشەیەك بەڵام ڕاستیەکەی جیا لەوەی کە ئێمە بە پێویستمان زانی دەگەڵ هاوسەنگەرانی پێشوومان بە ناو لێك جیا بین گەڕانەوەیەکیش بوو بۆ نێوی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا. بۆیە کۆنگرە بە تێکڕای دەنگ لە سەر ئەو باوەرە بوو کە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم وڵامدەرەوەی ئەوەیە کە ئێمە نابێ دوو حیزب بین یەك نێو هەم مۆری تەئیدێکە لە سەر زیاتر نەتەوەیی بوونو گەڕانەوە بۆ ئامانجی سەردەمی کۆماری کوردستان. لەو بوارەدا ئێمە ئەگەر نەبێتە مەوزووعی بیانوو گرتن هیچ کێشەیەك نابینین و هەست بە موشکل ناکەین.

**شلێر باپیری ڕۆژنامەی بارزان:**

**پ: ١ــ باسی ڕێژەی ژنان دەکەن لە ڕێبەرایەتیدا بە پێی ئەو دەرسەدەی دیاریتان کرد بوو کەمتر ژن هەڵبژێردراون ئایا ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی دەنگیان نەهێناوەتەوە یا خۆیان کاندید نەکردوە؟**

**٢ــ باس لە لێك ترازانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەکەن. ئێوە دەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نزیك ساڵێکە لێك جیا بوونەوە، کۆنگرەتان گرت. زۆربەی گۆڕانەکانتان لە کۆنگرەدا بووە. ئایا ڕۆژنامەکانتان (کوردستان) بەیەك نێو هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەر دادێ یا وەك خۆی دەمێنێتەوە؟**

**٣ــ سەبارەت بە زیاد بوونی کۆمیسیونێك بە ناوی چاوەدێری، هەدەفتان چیە لە دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە؟ ئایا ئەندامی بەڕێوەبەری بەرپرسی دەبێ یا ئەندامانی دیکەی حیزب بەرپرسی دەبن؟**

**کوێستان گادانی:** بۆ کۆنفرانسەکان میکانیزمێکی وا دۆزرایەوە کە ٢٥٪ لە ژنان لە کۆنفرانسەکان را وەك نوێنەر بۆ کۆنگرە بەشدار بن. لە پاشان کۆمیتەی ئامادە کردن بۆ کۆنگرە بڕیاریداو هێنایە بەردەم کۆنگرە کە لانیکەم ١٥٪ لە ژنان لە ڕێبەریدا بن، ئێستاش دەبینین ٤ خوشك لە سەتحی ڕێبەری دان کە ئەگەر چاکم حیساب کردبێ زیاتر لە ١٥٪ دەکا.

**قادر وریا:** کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە. ئێستا ئەو حیزبەی ئێوە لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەیدا بەشدارن حیزبی دیموکراتی کوردستانەو ئۆرگانەکەشی هەمان ڕۆژنامەی کوردستانە. یانی دیارە ئەگەر خودی کومیسیۆنی ڕاگەیاندنی ئەو حیزبە ناوێکی دیکەی پێ موناسبتر بێ دەتوانێ هەڵیبژێرێ. بەڵام زەروورەتێك نیە بۆ وەی چونکە ئەگەر بڵێیی لەبەر وێك چوونە ئەو حیزبانە ناوی جیاوازیان هەیە: حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. تازە ڕۆژنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستانە نەك کۆمیتەی ناوەندییەکەی. لە هێندێ فۆرم دا جیاوازیی هەیە دەکرێ لە ڕابردوودا گۆڕانیشی بەسەر دابێ. بەڵام بە بڕوای من ئەوە گرینگ نیە کە ناوی ڕۆژنامەکەی چ بێ چونکە زۆر دامەزراوەی دیکەمان هەیە مەسەلەن ئەنیستیتۆی کورد هەیە لە تاران کە بڵاوکراوەی بوو بە ناوی کوردستان گرینگ ناوەڕۆکەو ئەوە کە ڕۆژنامەکەی زمانی چ حیزبێکە.

ڕۆژنامەی کوردستان کە حیزبی ئێمە دەری دەکا زمانحاڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانەو پێم وایە ئەو کەسایەتییانەش کە لە درێژایی مێژووی ئەم حیزبەدا ئەو ڕۆژنامەیان بەڕێوە بردوە، سەرپەرستییان کردوە، سەرنووسەرییان کردوە پتر لەو حیزبەدا خۆیان دەبینەوە کە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەو دەلیلێك نیە بۆ گۆڕینی لەگەڵ ئەوەی پێویست بێ ڕۆژێك دەتوانێ بۆخۆی ناوێکی موناسیبتر فۆرمێکی موناسیبتربۆخۆی ببینێتەوە.



ئەدەب و هونەر
کوردستان
adabstan24@yahoo.com
ژماره ٤٨٤ (٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٧)

# ئەو خونچانەی پێش پشکوتن هەڵوەرین





قادر وریا

## ئەسعەد مەنافی

له ڕۆژێك پێشترەوه که به نێو شاخ و دۆڵی سپی پۆشی نێوان شنۆو لاجان دا ڕێگام دەبڕی و بەرەو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دەگەڕامەوە، بڕیاری خۆم دابوو بڕیارم دابوو. بۆ شەوی دووهەم لە "کانی بداغ" لادەم و له لای مامۆستای شۆڕشی ئەم ئاواییە که له منداڵییەوە دەمناسی بمێنمەوە.

قوتابخانەی "کانی بداغ" کەوتبووه قەراغ ئاوایی و، تاقه ژووری بەشەو ئاوەدانی ئەم قوتابخانەیە، "شەنگە"ی هاوڕێمی تێدا دەژیا. سێ ساڵ زیاتر بوو بەو ناوه بانگم دەکرد. به تەمەن چەند ساڵێك له من گەورەتر بوو، بەڵام ئەوەنده بەڕێزو خۆمانەو بێ فیز بوو که وای نەدەنواند برا گەورەیەو، چەند کراسێکی لە من زیاتر دڕاندوه. لەو کاتەوه که پێکەوه بناغەی بنکەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانمان له حەسەن نووران دامەزراندبوو، ببووینە هاوڕێ. دوای ئەوەش که پێکەوه لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکە، شانۆی "ژیانی پێشمەرگە"و چەند شانۆگەرییەکی دیکەمان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٥٩ له شاری شنۆو شارۆچکەی نەلۆس و شاری بۆکان، بەڕێوە بردبوو، هەر بە "شەنگە" ناوم دەبردو بە دەگمەن بە ناوی خۆی (ئەسعەد مەنافی) ناوم دەبرد. "شەنگە" لاوێکی رووح سووك و قسە خۆش بوو که نامەو ڕاسپاردەی شۆڕشگێڕانی بە نهێنی لەم گوند بۆ ئەو گوند دەبرد. ئەسعەد، ڕۆڵی ئەم لاوەی لە شانۆی ژیانی پێشمەرگەدا دەبینی.

کاتێك هاوینی ١٣٦٠ ناوچەی شنۆ کەوتە ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، "ئەسعەد" هەمووی مانگێك دەبوو دەورەی مامۆستایەتیی شۆڕشی دیتبووو خۆی بۆ مامۆستایەتی لە گوندەکانی شنۆ ئامادە کردبوو. قەرار بوو لە "دێ شەمس" ببێتە مامۆستای منداڵانی بە ئانقەست بێبەشکراو لە خوێندن و دەرسیان پێ بڵێتەوە. بەڵام ناوچە گیرایەوەو پەڕیوەی ناوچەکانی دیکە بوو. لە "خدراوێ" بۆ ماوەیەك پێکەوە لە بنکەی بەڕێوەبەری گشتیی یەکیەتیی لاوان ماینەوە پەلە پەلی ئەوەی بوو حیزب زوو بۆ گوندێکی کوردستانی بنێرێ تا وەك مامۆستایەك خەریکی خزمەت بێ، ناردیانە ناوچەی سەقزو لەگەڵ چەند مامۆستایەکی هاوشاریی خۆیدا، لە ئاواییەکانی میك و باینجان و سێفەتاڵە، شانی دایە بەر خوێندەوارکردنی منداڵانی ناوچە ئازادکراوەکان. پێشتر شەوێك تا بەرەبەیانی لە خدراوێ زۆر داستانی ژیانی خۆی بۆ گێڕابوومەوە. بەتایبەتی سەربردەی ئاوارەبوونی خۆی لە سەرەتای پاییزی ١٣٦٠داو، گەیشتنی هەواڵی بێسەروشوێن بوونی بە دایکی. چاکم لە بیره که گوتی شەوێکی درەنگ بەسەر دیواردا چوومە نێو حەساری خۆمان و له بەرپەنجەرەو لەودیوی پەردەوە دایکم بینی که لەسەر بەرماڵ دانیشتوەو به دەنگی بەرز لە خودای دەپاڕایەوە که کوڕەکەی بە سلامەتی بگەڕێنێتەوە لای. ئێستاش فرمێسك بە چاوم دا دێتەخوار کە دیمەنی یەکتر له ئامێزگرتنی ئەوو دایکی بە ریوایەتی ئەو شەوە دێنمەوە بەرچاو.

ئێستا لە قوتابخانەی "کانی بداغ" یەکمان گرتۆتەوەو پێکەوە بیرەوەرییەکانی رابردوو، شەن و کەو دەکەین. ئەو بیرەوەری و ئەزموونی خۆی لە خزمەت بە منداڵاندا، بۆم دەگێڕێتەوەو منیش شێعرو نووسینی ئەدەبیی تازەی خۆمی بۆ دەخوێنمەوە. کۆڕی دوو بە دووی ئەم شەوە زستانییەی ساڵی ١٣٦١ی قوتابخانەکەی "کانی بداغ"و ئەو هەموو خۆزگەو بیرۆکەو خەیاڵ و ئاواتانەی لەم شەوەدا بۆ یەکترمان هەڵڕشتن، هەرگیز لە بیر ناکەم.

سەرەتای بەهاری ١٣٦٤ بوو. لەگەڵ کاك عەبدوڵڵا فەتتاحی پێکەوه له دەورەی سیاسیی کادر لە فێرگەی سیاسی نیزامی لە "گەلاڵە" بووین. نیوەڕۆ پێکەوه گوێمان لە هەواڵەکانی رادیۆی دەنگی کوردستان گرتبوو. خورپەمان لە دڵی هەستا کاتێك بیستمان چەند رۆژ پێشتر ئەسعەد مەنافیی هاوڕێی خۆشەویستی هەردووکمان و کادرێکی دیکەی حیزب لە ناوچەی شنۆ، لە دێی قرۆشاوێ لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە گەمارۆ دراون و کاتێك ئامادە نەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن، دراونەتە بەر بارانی گوللەو شەهید کراون.

٢٣ ساڵ بەسەر مەرگی ئەو لاوە خوێندەوارو خاوەن بەهرەو ئەو مامۆستا بەخزمەتەدا رادەبرێ، هێشتا باوەڕم نەکردوە کە مردوەو هەر چاوەڕێم جارێکی دیکە دەرفەتمان بۆ هەڵکەوێتەوەو درێژە بە قسەوباسەکانی حەسەن نووران، خدراوێ و کانی بداغ بدەینەوە. دڵنیام ئەوانەی لە میك و باینجان و "کانی بداغ"یش ئەوینی ئەم لاوە تێکۆشەرەیان کەوتبووە دڵی و ببوونە ئۆگری، هەروا چاوەڕێی گەڕانەوەین.

# بۆ دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو

حەمە سەعید حەسەن

هۆ دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو!
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سلاو.
هۆ دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو!
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سلاو.
ئەگەر ئاسمان
ئەستێرەیەکی پێوەیە،
ئەوە چاوی تاقانەیەکی ئێوەیە.
درەختێ بە پێوە مابێ،
له ئێوەوە
فێری خۆ ڕاگرتن بووە،
پەپوولەیە،
به تیشکی مۆمێ سووتابێ،
له ئێوەوە
فێری له خۆبوردن بووە.
هۆ دایکانی جگەرگۆشە ئەنفالکراو!
کانیاوێ ڕێز،
مێرگێ سلاو،
به قوربانی دارو بەردی ناو دێتان بم،
به قوربانی خاك و خۆڵی ژێر پێتان بم.




# سلاو...

رەسووڵ سولتانی

خۆرەتاو تۆسقاڵێ وەك ئەو چاوه مەستەی گەش ببا
ئەستەمە شەو لەو گەشی و رووناکییە بێبەش ببا
کێو هەموو وەك بەفری بەردەستی هەتاو دەتوانەوه
لەم خەم و ئازاره تۆزێکیان بەسەر دابەش ببا
سووره گوڵ ئێستا سلاوی ڕێژنە ناستێنێتەوه
نایەوێ مننەت لە ئەم سلاوی فرمێسکەش ببا
یەك دڵۆپ ئەسرین له چاومدا قەتیس ماوەو دەڵێم
خوایە گەر ڕۆیشت لەگەڵ خۆی نووری دوو دیدەش ببا
لێرە کۆتایی دەهات چیرۆکی گریان و خەمم
لێگەڕابا ئەو دڵەی من تێر خەوی باوەش ببا
خاڵی لێوی هێندە ئارام نووستبوو ئێستاش دەڵێم
خۆزگە من بوایەم لە جێی ئەو خاڵەی و رووم رەش ببا
ڕێی دڵی دابام له نێو خەرمانی پرچی نووستبا
خۆی بە رزگار بوو دەزانی گەر لەوێ کۆیلەش ببا



*ئەم شێعرەی شاعیری بەڕێز کاك رەسووڵ سوولتانی له ژماره ٤٨٢ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بلاو بوویەوه، بەڵام بە هۆی هێندێك هەڵەی تایپی و خراپی دابەزاندنی شێعرەکەوه خوێنەر بە باشی لێی تێنەدەگەیشت. هەر بۆیه وێڕای داوای لێبوردن له شاعیر رەسووڵی سوولتانی، لەم ژمارەیەدا سەرلەنوێ شێعرەکە دادەبەزێنینەوه.

# نامەیەك بۆ کچەکەم

پێشکەشە بە گیانی دوعا لە یەکەمین ساڵڕۆژی بەرد باران کردنیدا

نووسینی ـ ئیدیر

له فەرانسەیییەوه وەرگێڕدراوه

وەك هەموو بەیانییان چوویتە بەردەم ئەو ئاوێنەیە بۆ وەی لێچکەی سەرت وەها قایم کەی که هەتا ئێوارێ نەبێتەوه. پێش ئەوەی لە ماڵ دەرکەوی، به نیگایەك لێت ڕوانیم و ماڵئاواییت کرد. پاسەکە دەتبا بۆ زانکۆ.. لەوێ داهاتوویەك بۆ خۆت بنیات دەنێی. بێ جووڵە مامەوه. بیری تۆ هەموو جەستەمی داگرت. بۆ ساتێك هەستم کرد چەند بەختەوەرم که له ماڵی ژیانمدا تۆ دەژی. ئەگەرچی ڕاسته که هەرگیز ئەمەم پێ نەوتووی، نه به دەنگی بەرز، نه به سرته. ئاخر کچم، له وڵاتی ئێمە هێندێك شت هەن قەت نایانڵێین! ئەمن به باشترین شێوەی خۆم تۆم گەورە کرد. هەمیشە سەرنجم دا که ڕێساکان وەبەرچاو بگرم، هەمیشە ویستم نەریتەکان درێژە پێ بدەم. تۆم گەورە کرد وەك چۆن دایك و باوکمان ئێمەیان گەورە کرد... تۆم گەورە کرد وەك چۆن ئەو پیاوانەی به ڕۆژ له مزگەوت دەیانبینم کچەکانیان پەروەردە دەکەن، وەك هەموو خەڵکی دەڤەری خۆمان. بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ لە خۆم دەپرسم: ئایا ئەمە له پێناوی بەرژەوەندیی تۆدا بوو یان هەر بۆ وەی ئەمنیش وەك وانم کردبێ؟ ئێستا ئەمەو زۆر گومانی ترسناکی تر دەوریان داوم... من تۆم



گەورە کرد، بەڵام ئایا تۆ خۆشبەختی؟ دەزانم منیش لەگەڵت زاڵم بووم. دەزانم ژیانت پڕ بووەو پڕە لە قەدەغەکان... دوای قوتابخانە دەبێ یەکسەر بێیەوە ماڵێ... شەممانە نابێ بچییە دەرێ! هەتا دێ ئەو پرسیارە زیاتر مێشکم دەکرۆژێ کە ئایا کاتێك هاواڵەکانت دەچن بۆ دانس، تۆ بە تەنیا لە ژوورەکەتدا بیر لە چی دەکەیەوە؟

هەموو لایەك شانازیت پێوە دەکەن، ئەتۆ هەمیشە قوتابییەکی نموونە بووی. بەڵام ئایا چەند جار بزەیەکی ڕاستەقینەمان بە سەر لێوەکانی تۆوە دیوە؟ ئەمن هەموو ئەو پرسیارانە لە خۆم دەکەم، بەڵام قەت ڕووبەڕووی خۆت نا. ئاخر کچم، لە وڵاتی ئێمە هێندیك شت هەن قەت نایانڵێین! چ دەبێ بۆ جارێکیش بووە گوێ نەدەینە ئەم و ئەو؟ چ دەبێ بۆ تاوێکیش بووە لە ژێر باری قورسی ئەو ڕێککەوتن و چوارچێوانە بێینە دەر؟ چ دەبێ بۆ ساتێکیش بووە مافی ئەوەت هەبێ چۆنی بۆ خۆت پێت خۆشە وا بکەی؟ چ دەبێ بۆ تاقە کەڕەتێکیش بێ پرچت پەخشان بکەی و بچی بۆ سەما؟ کچەکەم، باوەڕ بکە حەز دەکەم بە ڕووی جیهاندا هاوار بکەی و گۆرانی بڵێی. حەز دەکەم هەموو ئەو خۆشییانەی لە وجوودتدا چرۆیان کردوە شکۆفە بکەن... حەز دەکەم بچییە دەرێ، پێ بکەنی، باسی خۆشەویستی بکەی. حەز دەکەم مافی ئەوەت هەبێ بڵێی تەمەنم بیست ساڵە.. هەر نەبێ بۆ چەند ڕۆژێك! دەبوو غیرەتێکی زۆر وەبەر خۆم بنێم هەتا بتوانم هەستی خۆمت بۆ بنووسم. ئەو نامەیە بۆ ئەوەیە کە بزانی شێتانە خۆشم دەوێی. ئەگەرچی نایبینی، ئەگەرچی لە وڵاتی ئێمە هێندێك شت هەن قەت نایانڵێین...

# لە چاوەڕوانی خەباتێك لە خەودا ...

گیابەند نستانی

راست وا بوو، ئەوجارەیان جەنابی قاوەچی بەتەواوی کڵاوی لە سەری ئەو خەڵکە رەش‌و رووتە نایەوە. دەورووبەرەکەشی هەر قاوەچی ئاسایی... بەڵێ، بەڵێ نزیك بە سێ مانگ دەبوو جەنابی قاوەچی خەریکی کڵاو چنین بوو، بەڵام چۆن کڵاوێ: ئەگەر لە سەرت کردبا خووی ئەوت دەگرت. ئەگەر لە سەرت نەکردبا وەڕەزیت دەکرد...!! بەڵام جێگەی داخ بوو، ئاخر کۆنی کڵاوەکان بە راستی رووی کڵاوەکانی رەش کردبوو. دوای تەواو چنینی کڵاوەکان قاوەچی رۆژێ هێندێك لە کڵاوەکانی لە بن هەنگڵی دەناو لە موشتەری دەگەڕا. هێندەی پێ نەچوو جەنابی قاوەچی هەموو کڵاوەکانی بەشییەوە ئەوجارەیان کاتی ئەوە هاتبوو کە ئەوانەی کڵاوی ئەویان چووبۆ سەر جۆیان بدات، ئاخر حەقی بوو، چونکی ئەوانەی کڵاوی ئەویان دەچێتە سەرو موریدی دەکەن هەر بۆ جۆدان باشن...

قاوەچی دوو کاری گرنگی بۆ خۆی کردبوون، یەکەم: کڵاو خستنە سەرو دوویش: جۆدان...و ئیدی مابۆوە ئەوانەی دیانتوانی ببن بە قاوەچییەکی وەك ئەو پاکیان بکاتەوە...!!

ئەولا دیوار ئەولا ژوور ئەولا کوچە هێندێك خەڵکی دیکەی هاوشێوە لە موریدەکانی کۆکردنەوەو دەعوەتییەکی ئێوارەی باشی کردن بە کوپەقاوەکانی؟!

قاوەچی موشتەری قاوەی هەبوو، موشتەری کڵاویشی هەر هەبوو، سەبارەت بە موشتەری جۆش هەر زۆر زۆر بووو ئیدی کار گەیشتە ساڵۆنەکە، کورسییەکی پێشەوەو تریبوونەکەش هەر بۆ وی‌و مێشکی ئەو خەڵکە رەش‌و رووتەش هەر بۆ وی.

قاوەچی هەر وا قسەی دەکرن‌و لە نێو ساڵۆنەکەشدا پینەچییەك‌و کوێخایەك بۆ خۆیان قسەیان دەکردن. پینەچی گوتی: گوێگرە، کوێخا بزانین دەڵێ چی؟

— دەڵێ چی؟، هەر ئەوەی جاران دەیگوت‌و گوتبووی هەر ئەوەیە دووبارە دەیلێتەوە.

- بەیانی چی دەڵێتەوە؟

- یەکەم: سڵاو.

- دووهەم: هاوڕێیان‌و هاوکاران!!

- سێیەم: ئێمە چەند ساڵە لێرەین‌و من قاوەچی‌و ئێوەش قاوەچی ئاسایی...

- چوارەم: بەو هیوایەی ساڵی ئایندە لە نێو مووچەو مەزرا لە لای مەڕومالاتی خۆمان کوپە قاوەکانی من بخۆنەوە.

- پێنجەم: هیوادارم لە ماوەی ئەو چەند ساڵەشدا هەر یەکەمان هێلکەی خۆمان بۆ خۆمان کولاندبێ‌و کوپە قاوەکانی منیشیان بە دڵ بووبێ...

- ئێ دەی چی دیکە؟

- ئەو خەڵکە رەش‌و رووتەش بە چەپڵەلێدان کۆتایی بە هەموو شتێك دەهێنن.

- هەر ئەوەندە.

- نا، زۆر شتی دیکەش.

- ناتوانم بزانم ئەو زۆر شتەی دیکەش چیە؟!

- زور گرنگ نیە، بەڵام مادام دەتهەوێ بزانی پێت دەڵێم: باوکم هەمیشە دەیگوت، لە هەر شوێنێكدا بووبێ، ئەگەر قاوەچی چووبێتە پشت تریبوون ئەو کوپە قاوانەی کە پێشتر گرتبوونیەوەو کولاندبوونی دەیهێنانەوەو لێرە دەیدانەوە بەو خەڵکە رەش‌و رووتە، ئێستاش کە هەروا دەکاتەوە...

— باشە ئەو کوپە قاوانە تاریخیان بەسەر نەچووبوون؟

- بێ گومان تاریخەکانیان بەسەر چوون، بەڵام ئەو تاریخەکانیان بە هەڵە بە خەڵکەکە دەڵێ‌و ئەوەندەشی هەیە کە دەزانێ بەسەر کوپە قاوەکانیدا هەڵبڵێ!!

- ئەگەر وا بێ ئەو کوپە قاوانە دەبێ بە تاریخ بە سەرچوییش زۆر ڤیتامیندار بن؟

- نا، ڤیتامیندار نین، بەڵام بێ ئەقڵی ئەو خەڵکە



رەش‌و رووتە ئەوەندە زاڵە، هەر کە قاوەکە دەخۆنەوە تێکەڵ بە خوێن‌و مێشکیان دەبێ ئەگەر رۆژێ سێ چوار جاریش بچن بۆ... هێشتا تەواو نابێ!؟

- ئەی هەموویان دەیخۆنەوە؟

- نا، نا هەمویان نایخۆنەوە هەر ئەوانەی کە کڵاوی ئەویان دەچێتە سەر لەگەڵ موریدە جۆخۆرەکان.

- ئەی ئەو خەڵکەی دیکە چی؟

- ئەو خەڵکەی دیکە، ئەو خەڵکەی دیکە، پینەچی ئەو خەڵکانەی دیکە کە قاوەی ئەو ناخۆنەوە ژمارەیان کەمە!

- کوێخا، یانی چی ژمارەیان کەمە؟

- پینەچی ئەمن پرسیارێکت لێ دەکەم، هەوڵ بدە بە بیرکردنەوەیەکی باشەوە وەڵامی ئەو پرسیارەی من بدەیەوە، بێ گومان ئەو وەڵامەی تۆ بۆ من وەڵامیشە بۆ پرسیارەکەی خۆت.

- بفەرموون.

ئێستا وا دابنێ من لێوانێك ئاوی شیرینم پێیەو تۆش دوو لێوان ئاوی سوێرت پێیە، ئەگەر هەردووکمان بیکەینە نێو جامێکەوە، تامی ئاوەکە چۆن دەبێ؟

- دەی دیارە تامی ئاوەکە سوێرە.

- دەی ئەگەر وایە موریدە جۆخۆرەکان‌و کڵاو لەسەرەکانیش وەك ئەو دوو لێوانە ئاوە سوێرەکە وان‌و هێندێکی دیکەش وەك لێوانە ئاوە شیرینەکە وان..؟!

- ئێستا تێگەیشتم!

- دەزانم تێگەیشتی بەڵام تێگەیشتنەکەت هەمیشە بەوە بسەلمێنە، ئەگەر قاوەچی کڵاوی بۆ هێنای ئەو سەرە ببینەوە کە زنجیرەی چنینەکەی لێ کردوەو بزانە چۆنە، ئەگەر باش نەبوو هەڵی بوەشێنەوە یان جۆی بۆ هێنای بڵێ جۆ بۆ من نەهاتووە بۆ... هاتووە یان ئەگەر کوپە قاوەی بۆ هێنای یەکسەر مەیخۆوە، لە پێشدا چاو لە تاریخەکەی بکە؟!!

کوێخاو پینەچی لەو قسانەدا بوون، کۆبوونەوەکەش کۆتایی پێ هات‌و قاوەچی لە ساڵۆن وەدەرکەوت...

ئەو هەموو هات‌و چوونە، ئەو هەمو کڵاوچنینە، ئەو هەموو جۆدانە، ئەو هەموو کوپە قاوانە، وای کردوەو دووبارەو دیسانەوە بارتەقای بەفرێك هێلانەیەکی وەك ماستاوەکە دروست کرایەوە، کەوچکی نێو ماستاوەکەش هەر قاوەچی بوو؟؟!!

بەڵێ، قاوەچی بەوەش نەوەستایەوە لە ئاخری رۆژەکاندا لەگەڵ موریدەکانی کۆبۆوەو گوتی: ئەوەی کە کردم کردم، ئەوەش کە دەیلێم دەیلێم.!

موریدەکانی یەك دەنگ گوتیان: بەڵێ چی دەڵێی بیلێ...

قاوەچی: موریدی یەکەمم دەبێ دەستی راستم بگرێ‌و ئەو کوپە قاوانەی دیانگرمەوە لێم وەرگرێ‌و هەر ئەوانیش بخواتەوە.. موریدی دووهەمم دەبێ*پەنجەی چوارەمی دەستی چەپم بگرێ‌و ئەگەر گوتم بیمژە، جا ئەو جار بیمژێ...

موریدی سێیەم دەبێ پەنجەی پێنجەمم بگرێ‌و ئەگەر گوتم هێلکەکان بشکێنە، جا ئەوجار بیان شکێنێ‌و زەردێنەو سپیەنەکەیان لێك جیا بکاتەوە. موریدی چوارەمم دەبێ پەنجەی یەکەمی دەستە چەپم بگرێ‌و ئەگەر گوتم برای تووتەی بڵێ بەڵێ نەك تووتەم ئەوەی تۆ دەتهەوێ ئەوەم. موریدی پێنجەمیش کە دەبێ پەنجەی دووەمی دەستە چەپەم بگرێ‌و ئەگەر گوتم تۆش برای تووتەی دەبێ نەك برایی تووتە بکات، بەڵکوو ببێ بە خزمەتکاری تووتەش. موریدی شەشەمیش کە پێشتریش هەر وا بوو، بەڵام ئێستاش پێی دەڵێمەوە نەبێ ئەویش دەمارە راگەیاندنی مێشکی خۆی لە لای دەمارە راگەیاندنی مێشکی من دابنێ‌و هەرکات دەمارە راگەیاندنی من وەخەبەر هات هی ئەویش وا... موریدی حەوتەمیش بۆی نیە لێرەدا بڵێ مافی کەس دەستێنم، چونکی ئەو بە هاوڕەگەزەکانی خۆی دەگوت لەپە و ئێستاش چاوەڕوانی ماف ستاندنی کەس نەبێ!!؟ و تێکڕای موریدەکانی دیکەش دەبێ ئەگەر ئەمن قسەیەکم کرد، ئەوان زمانیان هەمیشە بە بەڵێ بپشکوتێنن...

موریدەکان کە دەبێ ئەوە قبوڵ بکەن‌و قبوڵیشی دەکەن، هێلانە بەفرە ماستاوییەکەش کە لە وەرزێکی وەك بەهاردا دروست بووە، خەباتێکی خەوی بە دواوەیە، چونکی زانست ئەوەی دەرخستووە، لە وەرزی بەهاراندا ماست وەك حەبی خەو وایە، ئەگەر وا بێ هێلانە ماستاوەکەی ئەو خەڵکە رەش‌و رووتەش ئەو بەهارە بۆ خۆی دەبێ بخەوێ‌و خەباتێکی یەك پارچە لە خەو بکات، کە لە خەویش هەستانەوە، تازە درەنگ دەبێ‌و لە کارەکانی لە دوایە دەبن!!

بەڵام هەمیشە ئەوە بۆ پینەچی‌و کوێخاو هێندێك لە خەڵکی پرسیار بوو، کە دەبێ ئەو خەڵکەش کەوا لە لێوانە شیرینەکە دەچن دەبێ ئەوان چ بکەن...؟!!

*پێچواندنی ئەوەی مەبەستم بوو لێرەدا پەنجەکانی دەستە، کە ئەوان لە پەنجە چووکەوە تا پەنجە گەورە ناسراون بە تووتە، برای تووتە، باڵا بەرزە، مژمژە، ئەسپێ کوژە.




### ئاناکسیمێنس:

لە دەورووبەری ساڵی ٥٧٠ی پێش زایین لە دایك بووە. سێیەمین و دوایین فەیلەسووفی میلتووس. هاوکاری ئاناکسیماندێر بووەو وێدەچێت لەو گەنج‌تر بووبێت. ئاناکسیمێنس هەر وەك ئاناکسیماندێر رەگەزی بنەمایی دروست بوونی جیهانی بە شتێکی تاقانە، بێ‌سنوورو هەرمان دەزانی، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوو بە پەیڕەوی لە تالیس باوەڕی بەوە هەبوو کە مایەی بنچینەیی مایەیەکی دیاری کراوە کە ئەویش"هەوا"یە نەك ئاو. هەوا هەردەم لە جووڵەو بزاوتن دایەو مایەیەکی هەرمان‌و بێ‌سنوورو سەرمەدییە. بە باوەڕی ئەو هەوا ژێدەری هەموو ئەو شتانەیە کە بوون‌و هەن‌و لە داهاتووشدا دەبن. ئەو چۆنیەتیی بیچم گرتنی چشتەکانی بە هۆی گەرم بوون (انبساط)و سار بوونەوە (انقباض) پاساو دەدایەوەو دەیگوت، ئاو لە هەوایەك دروست بووە کە غەلیز کراوەتەوە، ئەگەر هەوا زیاتر غەلیز بکرێتەوە ئەوا خاکی لێ دروست دەبێت‌و ئاگریش هەوای سارد بۆوەیە.

ئەو خاڵەی کە لە فەلسەفەی ئاناکسیمێنس‌دا جێی سەرنج‌و تێڕامانە ئەوەیە کە دەڵێت، هەوا خوایە. واتە لە نێوان هەوا و خوادا پەیوەندییەك دەبینێت. ئەو هیچ کات نکۆڵی لە بوونی خواکان نەکرد بەڵام هاوکاتیش نەیگوت کە خوا هەوای خوڵقاندوە، بەڵکوو پێی وا بوو کە خودی خوا لە هەوا دروست بووە. شایانی باسە کە خواکانی یونانی دێرین خوایەکی فەرمانڕەوایان هەبوو کە لە دەستەواژەی ئایینی‌دا پێی دەگوترا: "زیۆس".

دیارە ئەو ئاسەوارانەی کە بەجێ ماون نیشانمان دەدەن کە ئاناکسیمێنس هاوکات شارەزایی چڕو پڕی لە فیزیك‌و میکانیكدا هەبووە. دوایین فەیلەسووفی سروشتی لە دەورووبەری ساڵی ٤٨٠ پێش زایین‌دا کۆچی دوایی کرد.

### دیموکریت:

لە دەورووبەری ساڵی ٤٦٠ی پێش زایین چاوی بە دنیا هەڵ-هێنا. ئەم فەیلەسووفە وەك باوکی زانستی نوێ ناوبانگی دەرکردوە. دیموکریت قوتابی لۆکیپۆس بووو سەر بە قوتابخانەی ئەتۆمی. جگە لە کۆمەڵێك شتی پەرژوبڵاو ئاسەوارێکی ئەوتۆی لێ بەجێ نەماوە، بەڵام هەر ئەوەندە بەسە بۆ ئەوەی کە بە باشی لە فەلسەفەکەی بگەین. دیموکریت پێی وا بوو جیهان‌و دیاردەکانی جیهان لە تێکەڵ بوونی خێرای ئەتۆمگەلێکی لە ئەژمار نەهاتوو پێك هاتوون کە لە هەر ساتێكدا جەستەیەك بەجێ دێڵن و لە جەستەیەکی دیکەدا کۆ دەبنەوە. بەم پێیە جیهان بەردەوام لە رەوشی گۆڕان دایە. لە دنیادا هیچ شتێك بێ‌جووڵە و نەگۆڕ نیە. دیارە خودی ئەتۆمەکان پاژگەلێکن کە دابەش نابن‌و هێندەش وردن کە ناتوانین بە هەست لێیان تێ‌بگەین‌و فۆرم‌و ئەندازەی جۆربەجۆریشیان هەیە.

ئەو باوەڕی بە رۆح هەبووو پێی وا بوو کە تەنانەت رۆحیش لە جۆرێك ئەتۆم پێك هاتووە کە بە مردنی مرۆڤێك لە جەستەی ئەو کەسە جیا دەبێتەوەو دەچێتە جەستەی کەسێکی دیکەوە.

دیموکریت دەیگوت کە هیچ هێز یاخود هۆکارێکی دەرەکی وەك هۆکارێکی پێویست بۆ یەکەمین بزاوتن بوونی نیە. لێکدان‌و بەریەك کەوتنی ئەتۆمەکان بە هۆی فۆرم‌و دۆخی ئەوانەوەیە کە جووڵە بێ-تەکوزییەکانیان رێك دەخات‌و جووڵەی سەرمەدی‌و هەمیشەیی پێویستی بە پاڵنەر نیە. دیموکریت لە دەورووبەری ساڵی ٣٧٠ی پێش زایین‌دا کۆچی دوایی کرد.

# ناودارانی ئەدەبیات

و: ئازاد شێخی





چیخۆف ـ ئانتۆن

١٨٦٠ـ ١٩٠٤

ئانتۆن پاولۆیچ چیخۆف درام نووسی بەنێوبانگی رووسی لە ١٧ی ژانویەی ١٨٦٠ لە شاری تاگانوك لە دایك بوە، بابی بازرگان بووە چیخۆف لە زنمیازیوم لە "مسقط الرأس" خوێندویەتی لە ساڵی ١٨٧٩ واتە لە ١٩ ساڵی‌دا چۆتە زانکۆی مۆسکۆ خەریکی خوێندنی پزیشکی بووە.

لە تەمەنی ٢٤ ساڵی‌دا پلەی دوکتۆرای تەبی وەرگرت لە ساڵی ١٨٩٢ ـ ١٨٩٣ کاتی فێر بوون یان کاری تەبابەتی ئەو بوو. ئەو هێشتا خوێندکار بوو کە ژیانی ئەدەبی خۆی دەست پێ کردو بە زووترین کات بوو بە یەکێك لە باشترین نووسەرانی رۆژنامەی فوکاهی. یەکەمین داستانیشی بە ناوی خوازراوی (چیخۆف) بڵاو کردەوە.

لە ساڵی ١٨٨٦ هێندێك لە داستانەکانی لە چوارچێوەی کتێبێكدا بە نێوی (داستانە رەنگاو رەنگەکان) بڵاوکرایەوە، ساڵی ١٨٨٧ یەکەمین شانۆنامەی خۆی بە ناوی (ئەیوانوف) نووسی.

ساڵی ١٨٩٠ چووە دوورگەی ساخالین بەرهەمی سەفەرەکەشی کتێبێك بوو بەو ناوەوە، کە ئەم کتێبە رێژەی پولیسی تزاری رووس کە تاوانبار کراوانی بۆ دوورگەی ساخالین دەنارد کەم بکاتەوە. چیخۆف تاوەکوو ساڵی ١٨٩٧ لە ملکێکی نزیك مۆسکۆ لەگەڵ دایك‌و بابی‌دا دەژیا.

بەڵام لە ساڵی ١٨٩٧ بەدوا لە بەر ئەوەی کەوتە بەر مەترسی نەخۆشی سل مەجبور بوو لە کریمە بژی. ئەو لە ساڵی ١٨٩٦ دووهەمین شانۆنامەی خۆی لە ژێر ناوی (مریشکی نەورۆزی) بڵاو کردەوە. لە ساڵی دواتردا مۆسکۆ بە شانۆنامەیەی هەڵاگوت، نمونەی شانۆنامەکانی ئەو مامەو نیا لە ساڵی ١٨٩٩ سێ خوشك ١٩٠١ باغی گێلاس ١٩٠٤ بوون.

ئەو لە ساڵی ١٩٠١ لەگەڵ هونەرمەندێك بە ناوی ولگا ژیانی هاوبەشی پێك هێنا. ساڵی ١٩٠٠ چیخۆف بوو بە ئەندامی ئاکادیمی زانست، بەڵام کاتێك دەوڵەت ئەندامیەتیی ماکسیم گۆرکی هەڵوەشاندەوە ئەویش ئیستعفای دا چیخۆف لە ژوئیەی ١٩٠٤ لە بارۆن بایلی هەڵکەوتوو لە لێڕەواری رەش کۆچی دوایی کرد.

سەرچاوە: کتێبی زانیارییە گشتییەکان

## هەڵبژاردەیەك لە ڕاپۆرتی کومیتەی ناوەندی

# بۆ کۆنگرەی چاردەیەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان

بەشی دووەم

ڕێـژیمی ئێـران لێ بـڕاوە لەگـەڵ هـەر شتێك کە پێچـەوانەی ویستی کۆنەپەرستانەو پاوانخوازانەی خۆیەتی بەربەرەکانی بکاو ڕەگو ریشەی بەرهەڵستو خۆراگری لە بن دەربێنێ. کەچی بە پێچەوانەی ئارەزووی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەربەرەکانیی چینو توێژە ئازادیخوازەکان هەتا هاتوە پتر پەرەی گرتووەو ئەگەریش ڕواڵەتی مەسەلەکە جارو بار ئارامتر هاتۆتە بەرچاو قەت بەمانای ئەوە نەبووە کە تووڕەیی‌و نارەزایەتی کەمتر بووبێ، یان ئازادیخوازان بەچۆكدا هاتبن‌و کۆڵیان دابێ.

لە لایەکی دیکەوە ئاژاوەگێریی کاربەدەستانی ئێران لە وڵاتانی دراوسێ‌و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەتایبەتی لە عێراق‌و لوبنان‌و فەلەستین لەو ساڵانەی دواییدا پەرەی گرتووەو ڕێژیمی ئیسلامی دیسان هەوای حکوومەتی جیهانیی ئیسلامی - دیارە بەڕێبەرایەتیی خۆی - لە سەردایەو هەوڵ دەدا لە ڕێگای پەرەپێدانی تێرۆرو نائەمن کردنی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێوە هێژێمۆنیی خۆی بسەپێنێ. شان بە شانی ئەمانە، هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی بەردەوامن‌و سەرپێچی بەرامبەر پەسند کراوەکانی شووڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان‌و ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی هەروا لە پەرەگرتن دایە. بەم جۆرە سیاسەتی نێو خۆیی‌و دەرەوەی ڕێژیمی ئیسلامی لە دوو ئەسڵدا خولاسە دەبێتەوە: بەربەرەکانی‌و خۆ ڕاگرتن بەرامبەر بە هەر داخوازێکی ڕەواو ئینسانیی هاونیشتمانان لە نێو خۆی وڵات‌و دوژمن داتاشین‌و مل بادان بەرامبەر بە ویستی کۆمەڵگای جیهانی لە دنیای دەرەوەدا.

.... بۆیە لە ئێستاوە هەم ئێمەو هەم هەر هێزێکی جیددیی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ خۆمان بۆ ئەگەرەکانی ڕوودانی بەرەنگارییەکی یەکلا کەرەوە لەگەڵ کۆنەپەرستی ئامادە بکەین. لە حاڵەتی یەکەم دا ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانپەروەرەکانی ئێرانە کە لە جیاتی دیفاع لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا یان بێلایەن بوون‌و لە دوورەوە سەیر کردن تێبکۆشن بە کەڵك وەرگرتن لە دەرفەت پێش ئەوەی گێرەشێوێنییەکانی ڕێژیم ئێران بکەنە وێرانەیەك، کۆتایی بە تەمەنی دەیان ساڵ جینایەتی کۆماری ئیسلامی بێنن‌و هەوڵ بدەن بۆ خۆیان سیستمی دەوڵەتیی دوای کۆماری تاریکی‌و نەزانی دیاری بکەن. هەر لەو حاڵەتەو لە حاڵەتی دووەمیش دا ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستان‌و هێزە سیاسییەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەبێ هەوڵ بدەین جێ دەستی خۆمان لە سەر ڕووداوەکان دابنێین‌و نەخشێکی چالاك لە گۆڕینی بارودۆخەکە دا یاری بکەین.

### ڕۆژهەڵاتی کوردستان

فشارو زەبروزەنگی هێزە دژی گەلییەکانی ڕێژیم لە کوردستان لەم ساڵانەی دواییش دا هەر لە زیادبووندا بووەو کوردستان بە حوکمی بوونی ڕابردوویەکی خەباتگێڕانەو هەستی بەهێزی نەتەوایەتی‌و هاوسنووری لەگەڵ هەرێمی کوردستان (باشوور) زیاتر کەوتۆتە بەرچاوەدێری‌و ڕوانگەی ئەمنییەتیی دەزگا ڕەسمییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی. جگە لەوە، کۆماری ئیسلامی بە چاوپۆشی لە کاروچالاکیی ئەو مەکتەب‌و ئەنجومەنە ئیسلامییانە کە لە بەشێکی شارەکانی کوردستان پێك هاتوون، هەوڵ دەدا لەو لاوە کوردانەی لە دەوری ئەو ئەنجومەنانە کۆ بوونەوە بۆ پەرەپێدانی بنیادگەرایی ئیسلامی کەڵك وەربگرێ. فشار بۆ سەر ئازادییە دێموکراتییەکان‌و ڕاونانی ئازادیخوازان لە کوردستان زۆر زیاتر لە بەشەکانی دیکەی ئێرانە کە ئەمە درێژەی سیاسەتی ڕێژیم هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی هاتنە سەرکاریەوە تا ئێستایە. بەڵام بەخۆشییەوە کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو زەبرو زەنگە ئاکامی پێچەوانەی وەرگرتووەو خەڵك نەك چاوترسێن نەبوون، بەڵکە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرچاو ڕوونتر بەگژ جەللادان دا چوونەوە. لە یەك قسەدا کۆماری ئیسلامی نە توانیویەتی خەڵکی کوردستان بکاتە دۆستی خۆی نە بۆی کراوە بە زۆری چەك لە مەیدانیان وەدەربنێ‌و کوردستان بکاتە گۆڕستانێکی بێدەنگ.

هەستی نەتەوایەتی‌و وشیاریی سیاسی لە نێو ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان دا لە ئاستێکی زۆر بەرز دایەو ئامادەیی بۆ فیداکاری‌و دانی نرخی ئازادییش لێرە لە هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران لەسەرترە. تەنیا کەمایەسیی کە لەو نێوەدا هەستی پێ دەکرێ لاوازیی ڕێکخراوە. نەبوونی حیزبی نیشتمانی‌و پێشکەوتنخوازی قانوونی‌و چاوەدێریی توندو بەردەوامی دەزگا جاسووسییەکانی ڕێژیم بەسەر چووکترین نیشانەکانی تێکۆشانی ڕێکخراوە سیاسییەکان دا دەرەتانی خۆ ڕێکخستنی لە ڕۆڵە خەباتگێڕو بەهەستەکانی خەڵکی کوردستان بەرتەسك کردۆتەوە. بەو حاڵەش ناکرێ ئاماژە بە کەمکاریی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کوردو پێش هەمووان حیزبی دێموکراتی کوردستان نەکەین. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەگەر بەرنامەی دروست بۆ کاری ڕێکخراوەیی لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە لە ئارادا بێ‌و ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە ئامادەی فیداکاری‌و شەو و شەونخوونییەکی پتر بن ئامادەیی لە لاوە خوێنگەرمەکانی نێوخۆی کوردستان دا زۆر لەوە زیاترە کە ڕازی بن نارەزایەتیی کۆمەڵانی خەڵك هەروا بە پەرش‌و بڵاوی بمێنێتەوە. بەو ئاواتە کە لەمەودوا هێزە سیاسییەکان بایەخێکی زیاتر بە کاری ڕێکخراوەیی بدەن‌و بتوانن وەڵامدەری هەستی گڕگرتووی کیژان‌و کوڕانی وشیارو خوێندەوارو فیداکاری نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن. لە هەموو حاڵەتێکیش دا بە شانازییەوە دەتوانین بڵێین کوردستان مەکۆی هەستی شۆڕشگێڕانەیەو ئامادەیە لە هەر هەلو دەرفەتێك داو بە گرتنەپێشی هەرکام لە ڕێگاکان‌و شێوەکانی خەباتی ڕزگاریخوازانە بێ، نەخشی خۆی بە لێوەشاوەیی لە شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی سەرانسەری یان بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوایەتیی کورددا یاری بکا.

### وەزعی ژنان:

....بەداخەوە ئێمە ڕۆژانە شایەتی دیاردەو ڕووداوی دڵتەزێنی ئەوتۆین کە هەموویان دۆخی ژنان لە کۆمەڵگای ئێمە نیشان دەدەن: نەبوونی دەرفەتی بەرابەر بۆ بەشداری لە ژیانی کاریدا، نەبوونی یاسای دادپەروەرانە کە لە بەرابەر نابەرابەرییە کولتوورییەکان دا پارێزگاری لە مافەکانی ژن بکا، کێشەو توندوتیژیی جەستەیی‌و دەروونی لە نێو بنەماڵەدا - کە خۆی گەلێك دیاردەی دیکەی وەك خۆسووتاندنی بەربڵاوی ژنان لە ژێر ناوی شەرفپارێزیداو هتد....ی لێ دەکەوێتەوە.

چارەسەری ئەو هەموو نابەرابەرییانە پێویستی بە هەوڵ‌و خەباتی هەمەلایەن هەیە. لەو نێوەدا جێی دڵخۆشییە کە کچان‌و ژنانی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی کوردستان بۆخۆیان بوون بە ڕچەشکێنی ئەو ڕێگایەو، ئازایانە قۆڵیان لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان هەڵماڵیوە.

بزووتنەوەی یەکسانیخوازانەی ژنان، سەرەڕای هەموو کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێی، بە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی خاوەن داهاتوو دێتە ئەژمار.

### حیزبی دێموکراتی کوردستان

**هاوڕێیانی خەباتگێڕ!**

کە دێینە سەر باسی کارو تێکۆشانی حیزبەکەمان لە نێوان کۆنگرەکانی ١٣و ١٤دا بە جێیە پێش هەموو شتێك ئاوڕ لەو لەتبوونە بدەینەوە کە ساڵێك‌و چەند مانگ لەمەوبەر بەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دا هات. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئێمە "حیزبی دێموکراتی کوردستان" هەتا ئێستاش لە بارەی هۆیەکانی ئەو لەتبوونەوە بە ڕاشکاوی‌و بە درێژی قسەمان بۆ خەڵك نەکردوەو ئێستاش بۆ پاراستنی حورمەتی خەبات‌و تێکۆشان بە دروستی نازانین بەو شێوەیە کە هێندێك کەس بەخۆیانی ڕەوا دەبینن باس لە وردەکارییەکانی ئەم لەتبوونەو لەویش زیاتر وەزعێك کە پێش لەتبوون حیزبەکەمانی فەلەج کردبوو، بکەین.

... ڕاگەیەندرانی دوولەتبوونی حیزبی دێموکرات هەروەك چاوەڕوان دەکرا بووە هۆی پەژارەو نیگەرانی‌و تەنانەت ناهومێدیی بەشێك لە کۆمەڵانی خەڵك‌و ئەگەرچی زۆر پێش لەتبوونیش زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی هەموو هەوڵێکی دڵسۆزانی نێو حیزب‌و دەرەوەی حیزب بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی لە عەرز دابوو، پاش لەتبوونیش زۆر کەس‌و لایەن هەوڵێکی پیرۆزیان بۆ پێشگیری لە عەمەلی بوونی ئەو لەتبوونە دەست پێکرد. بەڵام هەڵوێستی دوو لایەن چی بوو؟

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئێستا ئیدی حیزبێکی سەربەخۆ بوو لە هەموو بۆنەیەك دا ڕایگەیاند کە ئەو لەتبوونەی لە دەرەوەی ویست‌و ئارەزووی خۆی بەسەردا سەپاوەو پاش ئەوەی هەوڵەکانی بۆ یەکڕیزی تێشکاون لەتبوونی قبووڵ کردوە. ئێستاش لایەنی بەرامبەر بە دوژمنی خۆی‌و خۆی بە دوژمنی وی نازانێ‌و ئامادەیە لە هەموو مەیدانێکی گونجاودا هاوکاریی لەگەڵ بکاو باشترین پێوەندیی گونجاوی لەگەڵدا دامەزرێنێ‌و تەنانەت ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێ یەکیش بگرێتەوە. بەڵام لایەنی بەرامبەر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاوی کردەوە کە چەند کەس (واتە ٢ تا ١٠ کەس) لە حیزب ڕۆیشتوون، لە کۆبوونەوە نهێنییەکان دا ژاراویترین پڕوپاگاندو دوژمنانەترین ئامۆژگارییەکانی بەگوێی لایەنگرانیدا چپاندو لە مەیدانی کردەوەش دا بۆ بە خەیاڵ وەدەرنانی ئەو چەند کەسە!! دەستی کرد بە شەڕفرۆشی‌و ئاژاوە نانەوەو ئاڵۆزی سازکردن. بەجۆرێك ئەگەر هەستی بەرپرسایەتیی ڕێبەری‌و بەدەنەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبایە، کارەساتێك دەقەوما کە دەبوو وەك خاڵێکی ڕەش لە مێژووی نەتەوەی کورددا تۆمار بکرێ.

....خراپ نیە لێرەدا قسەیەکیش لەسەر داخوازی نامەفهوومی ئەو لایەنە بۆ گۆڕینی ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکەین. لەجێدا ناوی حیزب هیچ وەختو لە هیچ شوێنێك لەسەر هیچ کەس‌و گرووپێك سەبت نەکراوە تا ئیددیعای مالیکییەتی بکا. پاشانیش زۆرایەتیی کومیتەی ناوەندی ئەویش زۆرایەتییەك کە بە ڕێگای شکاندنی بڕیاری کۆنگرەی حیزب دا بەدەست هاتبێ بە هیچ جۆر ئەو هەقە بۆ هیچ لایەنێك دابین ناکاو سەرباری هەمووی ئەمانەش ناوەکان ئێستا دوو ناوی جیان. ئێمە حیزبی دێموکراتی کوردستانین‌و ئەوان ناویان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە. ئێمە حازرین بە بێ ناو گۆڕینی وانیش هاوکارییان لەگەڵ بکەین، ئەگەر ئەوان پێیان وایە ناکرێ، دەتوانن ناوی خۆیان بگۆڕن. ئەندامانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" ئێستا بەتێکڕا دوو بەرامبەری وان لەم حیزبەدا خەباتیان کردووەو سەرمایەی تەمەنیان داناوە، خۆیان بە شەریکی هەموو شانازییەکانی ئەم حیزبە دەزانن‌و ئامادە نین ئەو ناوەو ئەو شانازییانە لە پاوانی هیچ گرووپێك باوێن. با ئەم ڕاستی- یە بۆ هەمووان ڕوون بێ.

### دوای لەتبوون

لەتبوون لە حیزبی دێموکرات‌و هەر ڕێکخراوێکی دیکەی کوردیدا بێ دەتوانێ زیان بە تێکڕای بزووتنەوەی کورد بگەیەنێ. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ ئەگەر قەرار بێ تواناکانی ڕێکخراوێکی سیاسی بە کێشەی نێوخۆییەوە خەریك بن چارە هەر ئەوەیە کە لەتبوونە کە قبووڵ بکەین و تواناکان بۆ خەبات لە پێناوی ئامانجەکانمان دا ئازاد بکەین. بۆیە دەبێ بزانین ئێستا ئێمە لە قۆناغی دوای لەتبوون دا بەسەر دەبەین‌و حیزبێکی سەربەخۆ بە هەموو تایبەتمەندییەکانی حیزبێکی سیاسییەوەین‌و یەکێك لە گەورەترین حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانین.

هەستی بەرپرسایەتیی هەموو ئەندامان‌و کادرو پێشمەرگەکان، سیاسەتی نەرم‌و حەکیمانەی ڕێبەرایەتی، هاوپێوەندیی دۆستانی حیزب کە بەشی زۆریان لە بژاردەکانی کورد لە ژوورەوەو دەرەوەی کوردستان بوون‌و لەخۆبووردوویی بنەماڵەکان کە نەك هەر بار نەبوون بە سەرشانی کادرەکانەوە، بەڵکوو هەمیشە یارو یاوەرو یارمەتیدەر بۆ چاری گیروگرفتەکان بوون پاڵپشت‌و سەرمایەیەکی گەورە بوون بۆ ئەوەی بە سەر کەندوکۆسپەکان دا زاڵ بین‌و ڕۆژ بە ڕۆژ وەك حیزبێکی ڕەسەن‌و بە ڕابردوو زیاتر بەرەوپێش بچین.

.... لەلایەکی دیکەشەوە هەموو ئۆرگانەکانی حیزب لە کۆمیسیۆن‌و کومیتەکانی سەر بە دەفتەری سیاسییەوە بگرە تا دەگاتە کومیتەکانی دەرەوەی وڵاتو ئەڵقە پێوەندی‌و تەشکیلاتییەکانی نێوخۆی وڵات هەموویان بەرپرسانە لەگەڵ گیروگرفتەکان کەوتوونە ململانێ‌و لە چارەسەریان دا تێکۆشاون. وەك گوتمان بنەماڵەکانیش‌و لە سەرووی هەموانەوە خۆشکەکانمان بە هەموو کەموکوڕییەك سازاون‌و هەمیشە لە چاری گیروگرفتەکان دا پشت‌و پەنایەکی جێی متمانە بۆ حیزبەکەیان بوون. ڕێگا بدەن بە ناوی سەرجەم ئەندامانی کۆنگرەوە سوپاسی هەموو تێکۆشەرانی حیزب‌و بنەماڵە سەربەرزەکانیان بکەین‌و لە ژیان‌و خەبات دا سەرکەوتنیان بۆ بەئاوات بخوازین.



# سوسیال دێموکراسی چیه؟

**(بەشی دوازدەیەم)**

وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە:
کەماڵ حەسەنپوور

**بە مەبەستی خستنەڕووی بیروبۆچوونی جۆراوجۆر لەبارەی سۆسیالیزم‌و سۆسیال دێموکراسی‌داو هەروەها مۆدێل‌و ئەزموونەکانی سیۆسیالیزم لە وڵاتان دا، "کوردستان" وەرگێڕدراوی کتێبێك لە زمانی ئینگلیزی‌یەوە لەبارەی سۆسیالیزم دا لەژێر ناوی "سوسیال دیموکراسی چیە؟"دا بە شێوەی زنجیرەیی بلاو دەکاتەوە. ئەم کتێبە لە نووسینی ئینگڤار کارلسۆن‌و ئان ماری لیندگرێنە.**

لەو ڕوانگەیەوە دەردەکەوێ کە ئەو پرسیارە کۆنە کە سۆسیال دێموکراسی حیزبی چینە یا حیزبی خەڵک بە هەڵە داڕێژراوە چونکە لە سەر ئەو بۆچوونە دامەزراوە کە وا سەرنج ڕاکێش‌ترین شت شێوازێکی تایبەتی سیاسەتە. سۆسیال دێموکراسی حیزبێکە کە بۆ ئازادی، بۆ یەکسانی، بۆ هاوپەیوەندی و بۆ دێمۆکراسی کار دەکا. زۆر ئاشکرایە ئەم هەوڵانە هەمیشە خاڵی دەستپێکیان پیداویستی‌یەکانی ئەو کەسانەیە کە کەمیان ئازادی هەیە و زۆرترین مەینەتیی لەو بارە نایەکسانە دەچێژن. بەڵام کۆمەڵگایەک کە لە سەر ئازادی، یەکسانی و هاوپەیوەندی و دێموکراسی دامەزرابێت قەت ناتوانێ شتێکی‌تر بێت مەگەر کۆمەڵگایەک بۆ هەموان.

**سەرمایەداری**

چەمکی "سەرمایەداری" هەم بۆ گفتوگۆی ناوخۆی ئۆردوگای سۆسیالیزم و هەروەها بۆ باسی گشتی لە سەر ئابووریی سیاسی شتێکی سەرەکی‌یە. سەرەڕای ئەوەش پێناسە کردنی ئەو چەمکە بە شێوەیەکی سەرسوڕ هێنەر ناڕوونە. ئێنسایکلۆپێدیاکانی هاوچەرخ بە ساکاری سەرمایەداری وەک بازرگانیی کەرتی تایبەت لە گەڵ ئابووریی بازار پێناسە دەکەن. ئەوە زۆر بە زەحمەت ڕادەی بارگەکراوی (charged) ئەو چەمکە لە ڕابردوو و ئێستا شی دەکاتەوە. لە ڕاستیدا ئەوە ئەو لێکدانەویەش نیە کە جووڵانەوەی پەرە ئەستێنەری کرێکاری هەیبوو.

هاندەرە کلاسیکەکانی سۆسیالیست قەت کاتی خۆیان بۆ شی‌کردنەوەی مەبەستیان لە "سەرمایەداری" بە فیڕۆ نەدەدا. بەڵام مرۆڤ لە نووسراوەکان و وتارەکانیاندا دەبینێ کە مەبەستی ئەوان شتێکی بە تەواوی جیاواز بوو لەوەی کە لە ئێنسایکلۆپێدیاکانی هاوچەرخدا هاتوە. پێناسە کردنی ئەوان لە سەرمایەداری زۆر لەو لێکدانەوەیە واتە "سیستەمێکی بەرهەمهێنان کە لەوێدا بەرژەوەندی‌یەکانی خاوەن سەرمایە بۆ قازانج کردن لە سەرووی هەر بەرژەوەندی‌یەکی‌تر لە بەرهەمهێنان گرنگی پێ دەدرێ" نزیکترە، بەم پێناسە کردنە سەرمایەداری کەم تا کورتێک دەبێتە پێچەوانەی ئابووریی بازار، چونکە پێش‌شەرتی ئابووریی بازار هاوسەنگی بەرژەوەندی‌یە جۆراوجۆرەکانە، حاڵەتێک کە لەوێدا هیچ کام لە فاکتەرەکان لە سەرووی ئەوانی تر دانانرێن.

"سەرمایەداری" بۆ وەسف کردنی کۆمپانیای بازرگانیی تاکی کەڵکی لێ وەر دەگیرا، کە لە پلەی یەکەمدا بناغەی لە سەر کەڵەکە کردنی کەل‌وپەلی بەرهەمهێنان بە شێوەیەک کە زیاتر لە ئامرازی کاری خاوەنەکەی بێت و لە پلەی دووهەم، هێزی هاندەر خولیای سوود کردنی پتر لە پێویستیی خاوەنەکەی دامەزرابوو، بە واتایەکی‌تر هەوڵێک بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایەی هەرچی زیاتر.

کەوا بوو ئەوە ئەو خولیای قازانج کردنە بوو کە وەک سەرچاوەی هەموو شتێکی خراپ سەیر دەکرا: چەوساندنەوەی بێبەزەییانەی کرێکاران، شوێنی ناسالمی کار، کەمیی مووچە، شێوەی نایەکسانی دابەش کرانی سامانی کۆمەلگا. لە بەر ئەو هۆیە دەبوو خولیای سوود کردن لەناو بچێت. ڕێگای ئەنجام دانی ئەوەش لە ناوبردنی خاوەندارەتیی تاکی بە سەر فاکتەرەکانی بەرهەمهێنان بوو کە بناغەی سەرەکیی سەرمایەداری بوون: کارگەکانی بەرهەمهێنان، سامانی گەورە، مەکینەکان و سامانە سروشتی‌یەکان.

هاندەرانی سۆسیالیستی سەدەی ١٩ بناغەی ڕەخنەکانیان لە سەر ڕەخنەی زۆر کۆن‌تر لە خاوەندارێتی تاکیی دامەزراندبوو؛ ئەوە بۆ وێنە زۆر بە ڕوونی لە بەرهەمەکانی فەیلەسووفی سەدەی ١٨ ژان ـ ژاک روسۆدا بەدی دەکرێ کە دەڵێ یەکەم کەس کە پەرژینی بە دەوری پارچە زەوی‌یەکدا لێی‌داووتی ئەوە هی منە، بناغەی هەموو نایەکسانی‌یەکانی داهاتووی داڕشت. روسۆ لە وتارێکدا نووسی "میوەکانی زەوی هی هەموانە، بەڵام زەوی‌یەکە هی کەس نیە" وتەیەک کە هاندەرە سۆسیالیستەکان دەستیان بە سەر دا گرت.

**ناڕوونی لە بارەی بە نەتەوەیی کردن دا**

هەروەک پێشدا ئاماژەمان پێکردوە لە سەر ئەوەی کە چی شتێک جێگای خاوەندارەتیی تاکی بە سەر ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بگرێتەوە ناتەبایی هەبوو؛ هەندێک هەبوون کە باوەڕیان بە نەتەوەیی کردن هەبوو، بەشێکی‌تر بە خاوەندارەتی لە ڕێگای سەندیکای کرێکاری‌یەوە و هەندێکیش بە شێوازە جۆراجۆرەکانی بازرگانی هەرەوەزی (co-operative enterprise).

ئەوەی سرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە بۆچوونێکی ڕەخنەگرانە لە دژی خاوەندارەتی تاکی لە ناو بیرمەندانی لیبراڵدا وەک جان ستیوارت میل هەبوو کە حەزێکی تاکیی بە هێزی بۆ ناوەندە هەرەوەزی‌یەکانی کرێکاران نیشان دەدا.

باسە سەرەتایی‌یەکانی سۆسیالیستی لەوەش ناڕوونتر بوون کاتێک کە دەگەڕێتەوە سەر ئەو پرسیارە کە خاوەندارەتیی گشتیی نوێ چۆن دەبێ چارەسەری هەندێک گیروگرفتی سەرەکیی ئابووری بازرگانی بکەن، بۆ وێنە: بڕیار لە بارەی سەرمایەگوزاریی تازە چۆن بدرێن. قەت هیچ تیۆری‌یەکی ڕاستەقینەی سۆسیالیستی لە ئاستی ئابووریی بازرگانی‌دا بوونی نەبووە.

هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستی‌یە کە ڕەخنەی سۆسیالیستی پرسی ئابووریی بازرگانی یا تەنانەت ئابوورییش نەبووە، ئەو



جەختی لە سەر دەسەڵات کردوە. ئەوە ڕەخنە لە دابەش کردنی زۆر نایەکسانی دەسەڵات بوو: ڕەخنە لە سیستەمێک کە هەلی بۆ بەرژەوەندیی قازانجخوازانەی خاوەن سەرمایەکان ڕەخساند کە بە سەر هەموو بەرژەوەندی‌یەکانی‌تری کۆمەڵگا وەک ئابووری، سیاسی و هەروەها کۆمەڵایەتیدا زاڵ بێت. ئەوە ئەو دابەش کردنە نایەکسانەی دەسەڵات بوو کە سوودی بۆ تاقمێکی کەم هەبوو و بێدادی، چەوساندنەوە و نەبوونی ئازادیی دروست کرد. بە گۆڕینی ئەو دەسەڵات دابەش کردنە، بە دانی دەسەڵات بەو کەسانەی کە لە پێشدا دەچەوسانەوە مرۆڤ دەتوانێ بێدادی و چەوساندنەوە نەهێڵێت بە بێ ئەوەی کە خاوەندارەتیی تاکیی لەناو بەرێت. سۆسیال دێموکراسی بەو زانیاری‌یە قووڵەوە لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٣٠ دامەزرا و مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەو ڕێباز گۆڕینە لە کۆنگرەی ١٩٣٢ی حیزبدا بە ئاشکرا چەسپا. ئەو چەشنە فکرانە دەکرێ شوێنەواریان لە گفتوگۆکانی سۆسیالیستیی پێشتر بۆ وێنە لە ناو ئەنجومەنی فابیانی بەریتانیانی (British Fabian Society) بدۆزرێتەوە.

ئەوە ڕێگا چارەیەکی بۆ ئەو گیروگرفتە تەواو پراکتیکی‌یە دیاری دەکرد کە جووڵانەوە لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی وەرگێڕانەوەی دروشمی وەک "بە کۆمەڵگا کردن/ بە نەتەوەیی کردن" بۆ پێوەری واقیعی و کرداری تووشی ببوو. ئەو کۆسپە مەزنانەی کە کۆماری سۆڤیەت لە بواری بەردەوامیی بەرهەمهێنان لە ناوەندە پیشەسازی‌یەکان و لە کشت‌وکاڵدا تووشیان بوو، و ئەو ئاکارە دزێوانەی کە بۆلشێڤیکەکان بۆ گەیشتن بەو مەبەستە گرتیانە بەر دەرکەوت کە گەلێک دڵساردکەرەوە بن. لە سەرووی ئەوە ئەزموونی خودی حیزب لە بە ڕەواڵەت کۆمیسیۆنی بە کۆمەڵگا کردن بوو، کە دەری خست کە داڕشتنی سیستەمێکی بە تەواوی نوێ لە سەر تەختەی وێنە لەسەر کێشانەوە ناموکینە، نەک تەنیا بەڕێوەبەرایەتیی کۆمپانیاکان بەڵکوو هەروەها هەڵس‌وکەوتی نێوان بەرهەم هێنەران و کریاران دەبوو کەم تا کورتێک وەلا بنرێت. وەک نیلس کارلێبی بەرپرسی کۆمیسیۆنەکە لە ١٩٢٤دا دەری بڕی: "ئەوە زۆر ڕوون و ئاشکرایە کاتێک کە باس لەو دروشمانە دەکرێت کە ئێمە بە هۆی پرەینسیپی‌یەوە پشتیوانی‌یان لێ دەکەین، پەسەند کردنیان شتێکە و ناوئاخن کردنی ئەوان بە ناوەڕۆکی پراکتیکی شتێکی بە تەواو جیاوازە".

ئایا ئەوە بەو مانەیەیە کە سۆسیال دێموکراسی سەرمایەداریی قوبووڵە؟

ئەوە تا ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بەوەی کە مەبەستمان لەم وشەیە چی‌یە. ئەگەر مرۆڤ "سەرمایەداری" وەک "خاوەنداریی تاک" پێناسە بکات، ئەو کات وەڵامی ئەو پرسیارە بەڵێ‌یە. بەڵام ئەگەر مرۆڤ وەک هاندەرە سەرەتایی‌یەکان مەبەستی سیستەمێکە کە لەوێدا قازانجی تاکی لە سەرەووی هەموو بەرژەوەندی‌یەکانی‌تر بنرخێنی و نە کۆمەڵگا و نە فەرمانبەران هیچ دەسەڵاتێکیان بە سەر ناوەندەکانی بازرگانی‌یەوە نەبێت، ئەو کات وەڵامەکە نایە. ئەو خاوەندارێتی و بازرگانی‌یە ئازادەی کە ئێمە ئەمڕۆ قوبووڵمانە شتێکی بە تەواو جیاوازە لەو خاوەندارەتی و بازرگانی‌یە کە کرێکاران لە سەدەی ١٩دا لە گەڵی ڕووبەڕوو بوون؛ ئەو شێوە خاوەندارەتی‌یە تاکی‌یە شتێکە کە ئەوڕۆ جێگای پەسەندی ئێمە نیە هەر وەک ئەو کات نەبوو. ئەو خاوەنداریێتی‌یەی کە ئێمە پەسەندی دەکەین دەبێ لە ژێر مەرجی دیاری کراوی کۆمەڵایەتی، یاسای پاراستنی ژینگە، یاسای بازاری کار، یاسای بە کرێدان، یاسای پلان و بنیاتنان و یاسای کڕیاردا کار بکا. ئەوە خاوەنداری‌یەکە بە هاوسەنگێکی بەهێز وەک سەندیکای بە توانای کرێکاری و ڕێکەوتن نامەکانیانەوە، کە دەسەڵات بە کرێکاران لە بواری مەرجەکانی کارەوە دەبەخشێت. سەرجەمی ئەوانە دەبنە هۆی بەرهەمی دادپەروەرانەتری ئابووری و کۆمەڵایەتی لەو خاوەندارەتی‌یە بێ سنوور و بێ یاسایەی پیشەسازیی قوماش لە نۆڕشۆپینگ لە ١٨٩٤دا.

"لاپەڕی ئازاد" دەرەتانێکە بۆ هاتنەگۆڕی بیروڕای جیاواز لە بارەی مەسەلە جۆراوجۆرەکان لە "کوردستان"دا. "کوردستان" تەنیا وەك مەیداندان بە بۆچوونی جیاوازو ڕێزلێگرتنیان ئەم دەرەتانەی پێك هێناوە، ئەگینا نووسەران خۆیان لە نێوەرۆکی ئەو بۆچوونانەی لەم لاپەڕەیەدا بڵاودەبنەوە، بەرپرسیارن.

# تێڕوانینێکی یاسایی لە فیقهی ئیسلامیی کۆن و خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئیسلام

(بەشی یەکەم)

ئاسۆ شنۆیی

**لە ئایینی ئیسلام یان لانیکەم لە خوێندنەوەی سوننەتی بۆ ئیسلام لە نێوان موسوڵمانو باوەڕدارانی غەیری دینی ئیسلام دا فەرقو جیاوازییەکی زۆر دەبینرێ. دەتوانم بڵێم کە لەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئیسلامدا هاووڵاتی پلە یەكو پلە دووو پلە سێو پلە چواریش دەتوانین دەست نیشان کەین.**

ماوەی چەندساڵێکە بزاڤی ئیسلامیی ڕیفۆرمخواز لە کوردستان دا وەکوو باقیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین سەری هەڵداوەو هەن کەسانێك بە تێڕوانینێکی سەردەمییانەو تازەوە خەریکی خوێندنەوەی ترادیسیۆنو سوننەتو سەرەکیترین لایەنی سوننەت واتە ڕەهەندی ئایینیی ئەون، ئەو ڕۆشنبیرە دیندارانە، هەروەها بە دیدێکی ڕەخنەییەوە سەیری "مۆدێرنیتە" دەکەنو بەتەواوەتیو بێلێکۆڵینەوە، دەستی تەسلیمی بۆ بەرز ناکەنەوەو بە بیری ڕەخنەییو عەقڵانییەوە بەراوردی کۆی دیاردەکان دەکەن.

لە ڕاستیدا بیرۆکەی گەڕان بە شوێن "حەقیقەت"دا، وەکوو باوەڕێکی ڕیئالیستیو گوتنەوەو نووسینەوەی حەقیقەتەکان ـ هەرچەند تاڵیش بن ـ ئەرکێکی بوێرانەی ڕوشنبیرییەو "بیرۆکەی ڕزگاری" وەکوو بنەمایەکی پراگماتیكو کەمکردنەوەی ئێشو ئازارەکانی مرۆڤایەتی وەکوو فۆنکسیۆنێکی تری ڕوشنبیری، وام لێدەکەن لێرەدا نەختێك باسی ئەو دڵەڕاوکێو گرێپووچکە فیکرییانە بکەمو بیانخەمە بەر باسو لێکۆڵینەوە.

ئەو کێشانەی کە من دەمەوێ بیانهێنمە بەرباسو لێکۆڵینەوە، وانیە کە بۆ یەکەم جار وەکوو پرسیار تەرح کرابن. بەڵێ، ئەمانە پرسیارگەلێکی فیقهین کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە کۆڕو کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکانی وڵاتانی ئیسلامی بە گشتیو لە ئێران بەتایبەتی باسو توێژینەوەیان لەسەر کراوە. دیارە "فقە" دەرەکیترین ڕەهەندی مەعریفەی ئایینە کە بەرهەمی بیری مرۆڤ، واقیعو دەقە ئایینیەکانەو زانستە نادینییەکانی فیقه کاریگەرییان لە سەر ئەم زانستە ئایینییە هەیە. بە زێدە بوونی زانستی مرۆڤ، فیقهیش دەکەوێتە زیادبوون یا خود نوێبوونەوەو بەو پێیە زانستی فەقیە دیاردەیەکی تەواو مێژووییەو لە خانەی مێژوو خوێندنەوەی مێژوویی‌دا هیچ چەشنە پیرۆزییەك جگە لە دەقە سەرەکییەکانی ئایین (قورئانو فەرمووده) بوونی نیەو تەنیا ئیمانی دینی وا لە مێژوونووسی دین دەکا کە پیرۆزیی بۆ ئەم دوو دەقە دابنێ، بەڵام زانستی "فقە" تەواو ناپیرۆزەو تێکەڵاوێکە لە بۆچوونی ڕاستو هەڵە.

لەو نێوەدا جێگای خۆیەتی یادێك لەو ڕۆشنبیرە بوێرە ئێرانیانە بکەین کە لە پێناو پراکتیزە کردنی پرۆژەی نۆژەن کردنەوەی بیری ئیسلامیی هاوچەرخو بنیاتنانەوەی سەرلەنوێی ئەندازیاریی مەعریفەی ئاییندا زۆرترین ئەرك، زەحمەت، ئاوارەییو زیندانیان بە گیان گرێوەو نرخێکی زۆریان بۆ داوە؛ لەوانە عەلی شەریعەتی، بازرگان، دوکتور سرووش، هاشمی ئاغاجەری، گەنجی، حەسەن یۆسفی ئێشکەوەری، موجتەهیدی شەبستەری، موحسینی کەدیوەرو... کە لە ڕاستیدا ئەم نووسینە لەسەر خوانی بیری پاراوو بە پێزی ئەوان ڕازاوەتەوەو نووسەری ئەم دێڕانە خۆی ـ لە بواری ئیمانی دینییەوە ـ بە قەرزداری ئەوان دەزانێ. مخابن لە کوردستان، بە هۆی نەبوونی ڕۆشنبیر بە مانای کەسایەییی زانستیی داهێنەر، بوێر، بێلایەنو... کەمتر خۆ لە قەرەی ئەم باسانە دراوە یان شایەدیش وەکوو حافیزی شیرازی دەڵێ: "یا من خبر ندارم یا او نشان ندارد" هەبێو من ئاگام لێی نەبووبێ.



هیوادارم هێنانە گۆڕی دووبارەی ئەم گرفتە فکرییانە بەدوور لە کەشو هەوایەکی عاتیفیو وروژاندنی هەستی کەسانێکی هەستیار کە چارەسەری هەموو کێشەیەك لە تۆقاندنو تەقاندنەوەدا دەبینن یان لە ئاست هەموو باسێکی فیکریو عەقڵانیدا تەنیا پەنا بۆ چەکی سامناکی "تەکفیرو کافر کردن" دەبن، بێو زەمینەیەك بێ بۆ مامەڵە کردنێکی زانستی لەگەڵ کۆی کێشەکان دا، پێشم وایە تۆری ئینتێرنێت باشترین دەرفەتی بۆ دیالۆگو دانوستاندنو ڕەخنە پێك هێناوە کە دەبێ کەڵکی پێویستی لێوەربگیرێ.

یەکەم کێشەی کە شیاوی باس لێکردنە مەسەلەی مافی مرۆڤو فیقهی ئیسلامییە کە بەلای منەوە لە ناتەباییەکی زۆردا دەژینو ناتوانن بەیەکەوە هەڵکەن. بەچاوخشاندنێکی خێرا بەسەر میراتی زانستی فیقهی ئیسلامی دا بۆمان دەردەکەوێ دژایەتییەکی زۆر لە مەسەلە فیقهییەکاندا دەدیترێ. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە دوو خاڵی سەرەکی بکەین:

نایەکسانیی موسوڵمانو ناموسڵمان لە باری مافەوە یان لە لایەنی یاسایی-یەوە

لە ئایینی ئیسلام یان لانیکەم لە خوێندنەوەی سوننەتی بۆ ئیسلامدا لە نێوان موسوڵمانو باوەڕدارانی غەیری دینی ئیسلام دا فەرقو جیاوازییەکی زۆر دەبینرێ. دەتوانم بڵێم کە لەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئیسلام هاووڵاتی پلە یەكو پلە دووو پلە سێو پلە چواریش دەتوانین دەست نیشان کەین. بە واتایەکی دیکە ئەو موسڵمانانەی خۆیان بە "فیرقەی ناجیە" یان "دەستەی ئەهلی ڕزگاری" دەزانن مرۆڤی پلە یەكو موسڵمانانی شوێن کەوتووی ڕێبازە فیقهیەکانیش مرۆڤی پلە دووو ئەو کەسو لایەنانەش کە ئەهلی کتێبیان پێدەوترێ وەك جوولەکەو گاورو زەردەشتییەکان بەگشتی ئەو کافرە بێباوەڕانەی کە لەگەڵ موسڵمانان دا پەیمانیان هەیەو بەزاراوەی شەرعی "معاهد"یان پێدەڵێن مرۆڤی پلەی سێهەمنو ئەو بێباوەڕانەی لە سەنگەری شەڕ بە دژی موسڵمانانو هەموو ئەو کافرانەی لەناو وڵاتی ئیسلامیدا ناژینو یان پەیمانیان لەگەڵ موسڵمانان دا نیە مرۆڤی پلەی چوارن.

بەم پێیە هەریەك لەم چوار دەستەیە خاوەنی مافو ئیمتیازێکی تایبەتن کە لە پلەی یەکەم ڕا بۆ پلەکانی خوارتر جیاوازییان هەیەو پلەکانی سێو چوار لە زۆرینەی مافە شەرعییەکان بێبەشن.

ئەو جیاوازییانەی کە باسم کردن لەو مەسەلە فیقهییانەن کە هیچ حاشایەك هەڵناگرن. هەبوونی کەسانێك لە زانایان، ئەو جیاوازییانەی نێوان مرۆڤایەتیان بەپێویستییەکانی (ضرورت) ئایینی ئیسلام دەزاننو لەنێو موسڵمانە سوننییەکانیش بە ئێستاشەوە کەسانێك هەن کە بەرامبەری یەکسانیی مرۆڤەکان لایان ناپەسەندەو بەگشتی دێموکراسیو مافی مرۆڤو هەموو دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتی بە کوفر لە قەڵەم دەدەنو مۆری بەتاڵی لێدەدەن.

لە دووتوێی گشت کتێبە فیقهییەکان دا دەتوانین دەستەواژەکانی "مؤمن"و"مسلم" بدۆزینەوە کە چەندە جیاوازیی لەبارەی مافەوە لە نێویاندا هەیە، بۆ وێنە لەنێو زانا شیعەکاندا "مؤمن" یانی باوەڕداری شیعەو بە باقی موسڵمانانی دیکە "مخالف" دەوترێ، سروشتییە کە مەبەست لە موسڵمانی موخالیف موسڵمانانی سوننەن کە پلەو مەقامە ئایینیەکانی وەکوو "ولایەتی ئەمر" (بەڕێوەبردنی کاروبار)، "مەرجەعیەت"، "دادوەری"،" شایەتی دان"و "پێش نوێژی کردنی جومعەو جەماعەت" ناتوانن بەدەست بێنن، چونکە موسڵمانە سوننییەکان پێش شەرتی ئەو شەش مافەیان کە "ئیمان"ە، نیە. گوێ لە شایەتی دانیان ناگیرێ، دادوەرییان پەسند نیەو هتد...

لە ناو سوننییەکانیشدا کەسانێك کە بە ئەو پەڕی سەرسەختییەوە ڕێرەوانی مەزهەبی شیعەیان هەر پێ موسڵمان نیەو ڕافیزییان پێدەڵێنو، حازر نین بە هیچ شێوەیەك تەنانەت نوێژیشیان لە پشت بخوێنن...بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەکوو شانشینی عەرەبستانی سعوودی کە زۆرینەیان سوننە مەزهەبن، کەمینەی شیعە مەزهەب هیچ حیسابێکیان بۆ ناکرێو ناخرێنە ناو ڕیزی موسڵمانان.

زەکاتو بەخشینە شەرعییەکان تەنیا بۆ موسڵمانانەو هیچ ناموسڵمانێك مافی نیە لێیان بەهرەمەند بێ؛ تەنانەت لە نێو شیعەکان دا تەنیا بە هاوڕێبازانی شێعەی خۆیان دەدرێو موسڵمانی موخالیف واتا موسڵمانی سوننی هیچی بەرناکەوێ.

لە خوێندنەوەی سوننەتی بۆ ئیسلامدا غەیبەت کردنی موسڵمانی موخالیفو تاوان نیەو تەنیا بەرامبەر بە موسڵمانی باوەڕداری شیعە تاوانە، هەر بەو جۆرە لەناو موسڵمانانی سوننەش بایەخێکی شیاو نادرێتە مرۆڤی شیعەو وەکوو موسڵمانێکی نوێژو ڕۆژوو دروست سەیری ناکرێو لە پشتەملە باسکردنی بە پراتیکی تاوان نیە. بەکورتی لە کتێبە فیقهیەکان دا دەتوانین لانیکەم دە نموونەی لەم چەشنە بهێنینەوە.

بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ ناموسڵمانان دا بە گشتی هەبوونی جیاوازی قانوونی (حوقووقی) شتێکی زۆر ئاساییە، لەشی موسڵمان خاوێن (طاهر)ە بەڵام هی ناموسڵمان (نجس)و پیسە؛ ئاشکراشە مرۆڤ دەبێ خۆی لە "نجاست" واتا پیسی، بپارێزێ.

لەلانی ماڵییشەوە موسڵمانو ناموسڵمان وەکوو یەك نین خوێنی موسڵمانێکی ئازاد هەزار دینارە بۆ ئەو کەسانەی خاوەن زێڕنو بۆ ئەو کەسانەی خاوەنی زێون دوازدەهەزار دێرهەمە یان ١٠٠ وشترە؛ بەڵام بۆ کابرای ناموسڵمان (جوولەکە یان نەسارە ـ لەگەڵ موسڵمان خاوەن پەیمان بێ یان نا) یەك لە سێ بەشی ١/٣ خوێنی موسڵمانە کە بۆ جوولەکەکان چوارهەزار دێرهەمو بۆ مەجووسی هەشتسەد دێرهەم دانراوە. خوێنی بوت پەرستەکان، هەتاو پەرستان، ئاگرپەرستان، ئاژەڵ پەرستەکانو دارپەرستەکانیش یەك لە پێنجی دییەو خوێنی جوولەکەو نەسارە دیاری کراوە.[١]

## پەیڤ

### "ڕەش نامەنووسی"ی کوردیو پەیڤێکی کورت

**بە بۆنەی ١١٠ ساڵەی لەدایك بوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی**

مادیح ئەحمەدی

١١٠ ساڵ لە تەمەنی ڕۆژنامەگەریی کوردی تێپەڕ دەبێ. ١١٠ ساڵ ئەزموون کەڵەکەکردن بێگومان بابەتێکی ئاسایی نیەو دەکرێ لە چەند ڕەهەندەوە ڕاڤە بکرێو چەندو چۆنیو زۆربەی لایەنەکانی دەستنیشان بکرێ. هەموومان دەزانین کە ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ٢٢ی ئاوریلی ساڵی ١٨٩٨ بە سەرنووسەریی "میقداد مەدحەت بەدرخان" لە قاهیرە یەکەم ژمارەی دەرچووو ئەمەش وەك بناغەی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە قەڵەم دەدرێو پاش ئەو ناوە ناوەو هەرجارەو لە لایەكو بە شێوەیەك ئەم ئەزموونە درێژەی پێدراوەو گەیشتوە بەمڕۆ. لێرەدا من لە ڕووی مێژووییەوە ناچمە سەر بابەتەکەو لەم بوارەوە کەسانێکی شارەزاتر دواونو باسیان کردوە.

لەدایك بوونی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٢ی ئاوریلی ١١٠ ساڵ لەمەوبەر دەکرێ وەك بناغەیەکی پتەو لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بەپێی هەلومەرجی ئەو سەردەمە بێتە ئەژمار. بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیرو بە دەیان جار باس لە هۆکارەکانی کراوە، ئەوەیە کە بە گوێرەی پێویست کورد نەیتوانیوە بە ئاراستەیەکی پرۆفیشناڵانەدا درێژە بەم ڕەوتە لە بواری میدیاو ڕاگەیاندنی کوردیدا بدا. لەم ڕووەوە دەکرێ بڵێین کە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕەوتی سروشتیو مێژوویی خۆی لای داوەو بەرهەمی ڕەوتێکی دەستکرد بووە کە سەرجەم بنەما زانستیو تیۆریکەکانی جیهانی میدیای لێزەوت کراوەو بەگوێرەی هەلومەرج مامەڵەی لەگەڵ دا کراوەو خاوەن ستراتیژییەکی نەتەوەیی نەبووە.

هەنووکە پاش ١١٠ ساڵ بینەری ئەوەین کە لە باشووری کوردستان بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵات، دەسەڵاتێکی کوردییە ئەم ئەزموونە لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا درێژەی هەیەو بە دەیان ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی جۆراوجۆر دەردەچێو شێوەیەك بێ سەروبەرەیی لە ڕۆژنامەگەریی هاتوەتە ئاراوە کە دەکرێ ناوی "ڕەش نامەنووسیی کوردی" لە سەردابنێین. بەو مانایە کە ڕاگەیاندنو ڕۆژنامە لێرە بوونەتە ئامرازو زیاتر کەوتونەتە خزمەتی تاكو حیزبەوە. واتە ئەو مێتۆدەی کە لەسەر شاخ هەبوو ئێستاش بە جۆرێك لێرە درێژەی پێدەدرێتو ئەمەش ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵێك پلانی ستراتیژیو درێژخایەندا چاوی لێبکرێ بێگومان بەوە دەگەین کە ڕاگەیاندنی کوردیو ڕۆژنامەگەریی کوردی بە ئاراستەیەکی مەترسیداردا تێپەڕ دەبێو هیچ پێناسەو بنەمایەکی دیاریکراوی نیەو لەسەر سەلیقەی تاكو کۆمەڵێك بەرژەوەندیی بەرتەسکی حیزبیو گرووپی بەڕێوە دەچێ.

لەم ڕووەوە پێویستە کورد سەرەتا بیر لە دامەزراندنی کۆمەڵێك ناوەندی ئاکادمیكو زانستی بۆ پەروەردە کردنو بارهێنانی کۆمەڵێك کەسی پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندا بکاتەوەو چیدی درێژە بە پرۆسەی ناپسپۆڕیەتی لە ڕاگەیاندندا نەداو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەسەر دەستی کۆمەڵێك کەسی سیاسی، شاعیرو ڕۆمان نووسو بازرگانو... بەڕێوەنەچنو کۆتایی بەو "ڕەش نامەنووسی"یە بێنێ.

لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەوەی سەردەمی دیپلۆماسیی میدیاییەو شەڕی زانیارییەکان ڕۆژبەڕۆژ لە پەرە ئەستاندن دایە، پێویستە کورد لەسەر بنەمای "گەشەی نەتەوەیی ڕاگەیاندن" ستراتیژییەکی نەتەوەیی هەبێو قۆناغێکی نوێو جیاواز دەست پێبکا بەو مانایە کە ئێمە وەك کورد بتوانین دزە بکەینە نێو دنیای ڕاگەیاندنەوەو ئاراستە بە کۆمەڵێك پلانی نەتەوەیی بدەینو قسەیەکمان بۆ وتن لەم مژارەدا هەبێ.

# ئاوڕێك له دیاردەی خۆكوژی له ئێران دا

ئاماده كردنی: حه‌لیمه ره‌سوولی

**ڕێژەی خۆكوژی له ئێران دا دەربری ئەوەیە كه ئەو دیاردەیە به تایبەتی له نێو ژنان دا بۆته پرسێكی كۆمەڵایەتی‌و یان به واتایەكی دیكه وەك خەسارێكی كۆمەڵایەتی خۆ دەنوێنێ**



خۆكوژی وەك كردەوەیەك، له نێو بردنی خوده به وەشیاریی تەواوەوە، واته مرۆڤ لەم كردەوەیەدا به وشیاریی تەواوەوە خۆی تووشی نەمان دەكا دەكرێ بڵێین كه خەمگینییەكی چەند لایەنه له مرۆڤێك دا به لوتكه گەیشتووه كه بۆ چارەسەركردنی گرفتەكانی ئەو كردەوەیه به باشترین ڕێگاچاره دەزانێ.

دیاردەی خۆكوژی یەكێك له قەیرانه كۆمەڵایەتییەكانه كه لەمڕۆدا به پێی نزم بوونەوەی پەیوەندییەكان له زۆربەی كۆمەڵگاكان دا روو له هەڵكشانه، بۆیه چوونەسەری ڕێژەی خۆكوژی له لای گرووپ‌و چین‌و توێژه كۆمەڵایەتییەكان بۆته هۆی دڵەڕاوكێ‌و نیگەرانی له كۆمەڵگاكان‌دا.

ڕێژەی خۆكوژی له ئێران دا دەربری ئەوەیه كه ئەو دیاردەیه به تایبەتی له نێو ژنان دا بۆته پرسێكی كۆمەڵایەتی‌و یان به واتایەكی دیكه وەك خەسارێكی كۆمەڵایەتی خۆ دەنوێنێ. بەڵام تا ماوەیەكیش بەر له ئێستا بەرپرسان خۆیان لەم راستییه لادەداو ئێستاش كه تا رادەیەك دانیان پێدا ناوه، خۆ له بڵاوكردنەوەی هەر چەشنه زانیارییەك له سەر ئەم پرسه دەبوێرن‌و ئەگەر زانیاریەكیش هەبێ به شێوەی نافەرمی‌و یان له لایەن لێكۆڵەرانی ئەم بوارەدا ڕادەگەیەنرێ. به پێی راپۆرتی "ئیسنا" رادەی خۆكوژی له ئێران دا ساڵانه نیزیكەی سێ هەزار كەسه. تەمەنی پڕەترسیی خۆكوژی له ئێران دا له نیوان ١٥ تا ٢٥ ساڵ دایه، له حاڵێك دا له وڵاتانی دیكەی جیهان ئەو تەمەنه بۆ پیاوان ٤٥و بۆ ژنان ٥٥ ساڵە. هەر به پێی راپۆرتێكی دیكەی ئەو هەواڵدەرییه، گرفته كۆمەڵایەتییەكان، مرۆڤ تووشی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ زۆربەی ئەو خەسارو مەترسیانه دەكا، به شێوەیەك كه زۆربەی خەڵك هێزو توانای بەربەرەكانی یان سازان لەگەڵ بارودۆخی نالەباری ژیانیان نیەو نەمان به باشترین ڕێگاچارەی دەرباز بوون دەزانن. به پێی لێكۆڵینەوەكان زۆربەی خۆكوژییەكان له شارەكان داو به هۆی هۆكارگەلێكی وەك ناتەبایی بنەماڵەیی، هەڵوەدا بوون، گرفت گەلی جەستەیی‌و سۆزداری، نەخۆشییه دەروونییەكان، هەژاری، قەرزداری‌و بێ‌هیوابوون له ژیان دا روودەدا.

له نێو هۆكاره جۆراوجۆرەكانی خۆكوژی‌دا دەتوانین ئاماژه به "ناتەبایی‌و نەسازانی بنەماڵەیی" بكەین‌و هەروەها له نێو شێوەكانی خۆكوژییش دا پیاوان زیاتر به شێوەی "خۆهەڵواسین"و ژنان به شێوەی "خۆسووتاندن" خۆیان له نێو دەبەن. لێكۆڵینەوەكان دەریان خستوه كه كەڵك وەرگرتن له دەرمان، ژەهرو بڕینی رەگ‌و خۆفڕێدان له بەرزاییش شێوەگەلێكن كه هاتوونەته پاڵ شێوەكانی دیكەی خۆكوژی له ئێران دا. شێوەیەكی سەرسورهێنەری دیكەی خۆكوژی له ئێران دا، خۆ له نێو بردن به هۆی خواردنی گەچەوەیە.

لێكۆڵەران له لێكۆڵینەوەیەك دا بەو ئاكامه گەیشتوون كه ٤٥ له سەدی خۆكوژییەكان به هۆی خواردنی گەچەوه له نێوان تەمەنی ١٠ تا ١٩ ساڵی دایەو زۆربەی نەخۆشەكان له قوتابیان پێك هاتوون. جێگای باسه كه له هەرێمی كوردو لۆرنشینەكان دا كه له رووی كولتوورییەوه ژنان بێ‌دەسەڵاتن‌و پیاوان به ملكی خۆیانیان دەزانن هۆكارگەلێكی وەك فرەژنی، زەماوەندی نەشیاو كه جیاوازیی تەمەن لەودا بەرچاو بێ، كولتووری پیاوسالاریی زاڵ، نەبوونی مافی هەڵبژاردنی هاوسەر، هەژاری‌و بێكاریی پیاوان، لێدانی ژنان له لایەن پیاوانەوه لەو هۆكارانەن كه بۆته هۆی پەرەسەندنی دیاردەی خۆكوژی له نێو ژنان دا.

ئەگەرچی پیاوان كەمتر له ژنان پەنا بۆ خۆكوژی دەبەن، بەڵام ئەو خۆكوژییەی كه له نێو ئەوان دا بۆته هۆی نەمان، سێ هێندەی ژنان بووه. ئەوەش دەربڕی ئەوەیه كه سەرەڕای ئەوەیه كه پیاوان كەمتر پەنا بۆ خۆكوشتن دەبەن، بەڵام ئەو كەسانەی كه هانای بۆ دەبەن بەراستی خوازیاری نەمانن.

**- دەكرێ بەرگری له خۆكوشتن بكرێ**

كارناسان بروایان وایه كه دەكرێ بەرگری له خۆكوژی بكرێ. ئەگەر وڵاتانی جیهان دەست ڕاگەیشتن به كەرەسەگەلێكی وەك چەك، دەرمان بۆ خۆلەنێوبردن‌و هەروەها ژەهرەكان بەرتەسك بكەنەوه ڕێژەی قوربانیانی خۆكوژی نزم دەبێتەوە. هەروەها گرنگی‌دانی دەوڵەت بۆ خوڵقاندنی دەرفەتی كار بۆ خەڵك یەكێك له گرینگترین ڕێگاكانی كەم كردنەوەی ڕێژەی قوربانیانی خۆكوژی له سەرانسەری جیهان دایه.

ڕێگه گرتن له خۆكوژی پێویستی به پلانی نەتەوەییه كه به هاوكاریی بنكەگەلێكی جۆراوجۆری وەك ئیدارەی ڕاهێنان‌و فێركردن، رادیوو تەلەفزیۆن، وەزارەتی تەندروستی بەرێوه دەبردرێ.

هەروەها دەبێ ئاڵۆزیی دەروونی به تایبەتی خەمۆكی ڕێگاچارەی بۆ بدۆزێتەوەو هەستی گەشبینی‌و هیوا له نێو تاكەكانی كۆمەڵگادا پەرەی پێی بدرێ. به گشتی دەكرێ بڵێین كه شێوەكانی بەربەرەكانی لەگەڵ خۆكوژی بریتین له:

١ــ پرس‌و راوێژ، ڕێنمایی‌و پشتیوانی كردن له تاك

٢ــ ڕاهێنان‌و چارەسەركردنی گرفت

٣- دەروون دەرمانیی تاكەكەسی

٤- گرووپ دەرمانی

٥- خەواندنی نەخۆش له بەشی نەخۆشییه دەروونیەكان

له كۆتایی‌دا پێویسته بڵێین خۆكوژی دەتوانێ ڕێگاچاره بێ، بەڵام خراپترین‌و دوایین ڕێگاچارەی گرفتەكانه. هەموو كات بۆ چارەسەر كردنی گرفتەكان ڕێگاچارەی زۆر سانا، هەرزان‌و ژیرانه بوونیان هەیه كه دەبێ بیریان لێی بكرێتەوەو بدۆزرێنەوە.

سەرچاوه سایتی:

www.schoolnet.ir

---

دریژەی

# هاوپەیمانی، تێكەڵ بوون یان یەكگرتن، .......

# كامەیان‌و چۆناو چۆن؟

ئەگەرچی ئەوەی رووی داوه گەرانەوەشی بۆ نیه، لێرەدا باس له سەر دارمان نیه، بەڵكوو باس له چۆنیەتیی ڕێگا چارەیەك بۆ نزیكی له یەكتره.

پێكهاتەی سیستمی پێشووی عێراق‌و ئێستای ئێران به هۆی جۆری دیكتاتۆری، وەڵامدەر نەبوون، گەندەڵی‌و راكێشانی كۆمەڵگا بۆ لای شۆرش زۆر وێكچوویی‌یان پێكەوه هەیه. كەوا بوو وێك چوون له سیستمی پێشووی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی رووخاوی سەدام‌و ڕێژیمی مەلاكان دیاره بەڵام جیاوازی‌یەكان له هێزی سیاسیی دژبەری ئەوان دا بەدی دەكرێ. گرینگ ترین جیاوازی ئەوەیه كه ئێرانیەكان له دەستێوەردانی دەرەكی بێزارن، له كاتێك دا حیزبەكانی عێراق بیریان له هێزی دەرەكی دەكردەوەو له گەڵ نێوبژیوانیی ڕۆژئاواییەكان گوێیان بۆ یەكتری راگرت. جێی باسه سێ مانگ بەر له رووخانی ڕێژیمی سەدام ڕۆژئاواییەكان نوێنەرانی حیزبه عێراقی‌یەكانیان له لەندەن له دەوری یەكتر كۆ كردەوه تا له سەر خاڵه بنەرەتی‌یەكان رێك كەون تا بتوانن له داهاتووی وڵاتەكەیان دا به یەكەوه كار بكەن. لەم روویەوه ئایا قەت گرنگی بەوه دراوه له جیاتی ئەوەی خەڵكانی‌تر له دەوری یەكترمان كۆ كەنەوه بۆ خۆمان ڕێگا چارەیەكی دروست بۆ لێك نزیك بوونەوه بدۆزینەوه؟

ئەزموونی سێ دەیەی سیاسەتی تاقمی دەسەڵاتدار له ئاستی ناوخۆیی‌و دەركی دا نیشانی داوه ئەوانەی بەرەو هەڵدێر بردوه. ئەگەرچی به شێوەیەكی سروشتی هەر سیستمێك كه دێته سەر كار پاش ماوەیەكی دەسەڵاتدارەتی هێندێك ریفۆرم دەكا بەڵام ریفۆرم له كۆماری ئیسلامی‌دا له نێوچوونی ئەوی بەدواوه دەبێ. ساویلكانەیه ئەگەر وا بیر بكەینەوه له چوارچێوەی ئەم سیستمەدا ٢ی جۆزەردانێكی‌تر پێك بێتەوه. ئەگەرچی نرخی ٢ی جۆزەردان زۆر به گران تەواو بووو خەڵكی ئێران نرخێكی زۆریان بۆ دا بەو ئەزموونه باڵێكی رادیكاڵ به دەسەڵات گەیشت كه پێویستی به لێكدانەوه نیه له یەك قسەدا حكوومەتی ئێستا نوێنەری بێ ئەملاولای نیهادی ڕێبەری‌یەو ئاوێنەی باڵانوێنی كۆماری ئیسلامی‌یه. له كەشوهەوای سانسۆرو تۆڵەسەندنەوەو ئەمنیەتی‌دا ئەگەری ئەوەی كه حیزبێك بتوانێ به دروشمی جێگەی پەسندی دەوڵەت بەشداری له هەڵبژاردن‌و هەڵنەبژاردنی خراپ‌و خراپتردا بكا تا پێش به بەلاڕێ‌دا چوونی دەسەڵاتدارانی ئێران بگرێت‌و هەڵگری بیری خەڵك سالاری‌و دێموكراسی بێ زۆر كەمه. ئەمه مەسەلەیەكه كه ١٥ساڵه دووپات دەبێتەوەو به هیچ شێوەیەك باڵی ریفۆرمیی حكوومەتیش نایبیسێ. مرۆڤه واقعبینه سیاسی‌یەكان دەبێ ئەوەیان له بەر چاو بێ كه هەروەك ڕێژیمی پاشایەتی له ماوەی دەسەڵاتی خۆی‌دا جاری وا بوو پەنای بۆ ژنراڵه نیزامی-یەكان بردوه ڕێژیمی ئێستاش هێندێك هێزی میلیشیا له بەر دەست دان كه له دەوڵەتی ریفۆرمیستی خاتەمی‌و له كاتی راپەرینی ١٨ی پووشپەری ساڵی ١٣٧٨ هاتنه مەیدان‌و به هەڕەشەی زمان برین‌و قەڵەم شكاندن شەپۆلێكیان له ترس‌و تۆقاندن وەرێ خست. ئەو هێزه پاشەكەوته زۆر رادیكاڵتر له هێزی فەرمانرەوای ئێستایەو تا ئێستا وەلایەت پێویستی به بەشداریی ئەوان له حكوومەتدا نەبووه.

هێندێك وردەكاریی دیكه له مێژووی ئێراندا لەم پەیوەندیەدا وەبیرهێنانەوەیان پێویستەو بەراوردكردنیان له گەڵ قۆناغی ئێستا ئەزموونگەلێكیان بۆ نەسڵی ئەمڕۆ تێدایه وەك: شۆرشی سپی، لابردنی دروشمی رووخاندنی ڕێژیم له پلینۆمی چواری حیزبی توودە له ساڵی ١٣٥٢، هەڵسوكەوتی شاپووری بەختیارو راوەستان له بەرامبەر شەپۆلی شۆڕش دا، بڵاوبوونەوەی نامەی كەسایەتییەكی وەك بازەرگان.

١ــ شۆرشی سپی به پێی بەرنامەو پلانێك رووی‌داو رەوتێكی ئابووری به بێ پەرەگرتنی سیاسی به قازانجی وەرزێران بوو بەڵام ٢ی جۆزەردان نەك هەر بەرنامەیەكی بۆ باشبوونی ئابووری نەبوو، بەڵكوو له لایەنی سیاسی‌یەوه جگه له سووڕانەوه له بازنەیەك دا شتێكی دیكه نەبوو. ئەوەی خەڵك پاش ٢ی جۆزەردان بەسەر حكوومەتیان دا سەپاند شتێكی جیایه، بەڵام ماهییەتی ڕێژیم بۆ خۆی شتێكی‌تره. پەیامی٢ی جۆزەردان له شۆڕشی سپی قووڵتر نەبوو كه نەیتوانی ببێته ڕێگر له بەردەم شۆرشی ٥٧دا.

٢- لابردنی دروشمی رووخان له پلینۆمی چواری حیزبی توودە له ساڵی ١٣٥٢دا. سەرەڕای بوونی هێندێك ئازادیی مەدەنی له كاتی نەبوونی ئازادیی سیاسی‌دا گۆڕانی سیاسەتی حیزبی توودە نەیتوانی له رقی شۆرشگێرانەی خەڵك كەم كاتەوه. له هەلومەرجی ئێستادا كه ئازادیی مەدەنی‌و سیاسی له گۆڕێ‌دا نیه، خەباتی ئازادیخوازانەو هاندانی خەڵك بۆ بەشداری له هەڵبژاردن دا ئاكامێكی نیەو ناتوانێ قەتاری لاڕێ بێنێتەوه سەر ڕێگه. بەراستی دەسەڵاتدارانی ئێران، دەسەڵاتدارانی نیجیریه، توركیەو مالیزی نین كه بەرژەوەندیی وڵات له هەموو لایەنه بەربڵاوەكانی نەتەوەیی‌ییەوه لێك دەنەوه.

٣- بەرگری له تەوژمی شۆڕش له سەردەمی شاپووری بەختیار واته له سەردەمی قەیران داو هەروەها ئەو نامانەی له لایەن كەسانی وەك مەهدی بازرگانەوه بۆ شا دەنێردرانه دەربار نەبوونه هۆی ئارام كردنەوەی خەڵك‌و هۆكاری له خەو هەستانی دیكتاتۆریی پاشایەتی. راستی‌یەكەی ئەوەیه له ئێرانی ئێستادا شاپووری بەختیارێكی‌تر نادۆزرێتەوەو رێبەرانی ڕێژیم گوێ نادەنه ئەو نامه سەرئاوەڵانه. كوشتنی كەسانێكی وەك سەعیدیی سیرجانی، داریووشی فرووهەرو كپ كردنی دەنگی كەسانی وەك قاسمی شوعله سەعدی بەراورد كردنێكی باشه لەگەڵ ئەوەی له رابردوودا كراون. بۆ ئەم مەبەسته بۆ زاڵبوون به سەر وەزعییەتی گێژاویی ئێران دا عەقڵ‌و كاری به كۆمەڵ پێویستەو بۆ گەیشتن بۆ مەبەسته چەند ڕێگەمان زیاتر له بەردا نیه، له یەكتر گەیشتن بەهەر شێوەیەك كه ئیئتیلاف ئیمكانی هەیه، یەكیەتی یان تێكەڵ كردنی هێزه سیاسی‌یەكان پێكەوه. جێی ئاماژەیەكه له چەند دەیەی رابردوودا هێندێك نموونەی وەك حیزبی كۆمونیستی ئێران، شورای میللی بەرگریی نیشتمانی‌و كومیتەی هاوپێوەندی، یەكیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران یەكیەتی كردەوه بۆ دێموكراسی لەم دوایی‌یانەش دا یەكیەتیی كۆماریخوازان پێك هاتوون بۆ ئەم مەبەسته گرینگه به لێك جیا كردنەوەی هاوپەیمانی‌یەكان، یەكیەتیەكان‌و تێكەڵبوونەكان دەزانین كه كام ڕێگا بۆ كاری حیزبی سەركەوتووتره. ئەگەر شێوازێكی ئاوا بەكار بهێنرێ‌و رادەی سەركەوتنی لەسەرێ بێ بیكەن به ستراتیژی.

**له دەوری ئاڵای حیزبی دیموكراتی كوردستان كۆببنەوه**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party - Iran
No: 484   19 Apr  2008

ماڵپەڕی  ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی "کوردستان" و رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@ kurdistanukurd.org   info@ kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com : Hotbird: 8 -  MHZ: 12303 -
Polarization: Vertical  -  S R: 27500 - FEC: ¾
www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 00 9647701597268
تەلەفۆنی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp.Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# کلیسای مەسیحیی کوردزمان یارمەتیی منداڵانی بنەماڵە تاراوگەنشینەکان دەکا



کلیسای مەسیحیی کوردزمان بنیاتێکی خێرخوازەو یارمەتیی منداڵانی بنەماڵە کەمداهاتەکان دەکا. ئەو بنیاتە کە بنکە سەرەکییەکەی لە وڵاتی ئەمریکایە، تا ئێستا چەند جارێك یارمەتیی منداڵانی قوتابخانەکانی کەمپەکانی سەر بە بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردوە.

شایانی باسە ئەم بنیاتە لە خاکەلێوەی ئەمساڵیش دا کۆمەڵێك دیاریی پێشکەش بە باخچەی ساوایانی هەنگ هەڵکەوتوو لە یەکێك لە کەمپەکانی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی کۆیە کردوە.

# مام عەلی رەحیمی بووە دەنگ و رەنگی قوربانیانی شیمیایی کوردستان

لە رۆژانی ٨ بۆ ١٨ی ئەم مانگەدا لە شاری لاهای هولەند کۆنفرانسی دووهەمی نێونەتەوەیی قەدەغەکردنی چەکی شیمیایی(OPCW) دەبەسترێ. لەو کۆنفرانسەدا نوێنەرانی ئەو وڵاتانە بەشدار بوون کە پەیماننامەی قەدەغەکردنی چەکی شیمیاییان واژۆ کردوە. لە کۆنفراسەکەدا وەك کورد تەنیا سەردەشتییەکان پشکدار بوون. یەکەمرۆژی کۆنفرانسەکە دەنگێك لە هەڵەبجە قوربانیترین شاری جیهان نەبوو، ئەو شارەی بەهۆی ئەوەی گەورەترین قوربانیی چەکی شیمیاییە ناوی چۆتە کتێبی گینزەوە. بەڵام لە دووەم رۆژی کۆنفرانسەکە مام عەلی رەحیمی



ئەندامی ناسراوی کۆمیتەی رۆژهەڵاتی چاك نەیهێشت هەڵەبجە بێکەس بێت، بە خۆی و وێنەی قوربانیانی هەڵەبجەوە بەشداریی لەو کۆنفرانسەدا کردو بووە دەنگی هەموو قوربانیانی چەکی شیمیایی کوردستان لەو کۆنفرانسە جیهانییەدا.

دەست خۆشی بۆ مامە عەلی رەحیمی، پیاوە جوامێرەکەی سەردەشت، دەنگ و رەنگی قوربانیترین نەتەوەی چەکی شیمیایی لە جیهان دا.

سەرچاوە: کوردستان نێت

# بەهمەن قوبادی چووە ریزی رێبەرە لاوەکانی جیهانەوە



بەهمەن قوبادی دەرهێنەری ناسراوی کوردستان وەك یەکێك لە رێبەرە لاوەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠٠٨ دا هەڵبژێردرا.

کۆڕی جیهانیی ئابووری (World Economic Forum) ساڵانە ٢٠٠ تا ٣٠٠ کەس لە پسپۆڕانی بوارە جۆرواجۆرەکان لە سەرانسەری جیهان هەڵ دەبژێرێ بۆ ئەوەی بۆ ماوەی ٥ ساڵ لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان دا ئەزموونەکانیان بخەنە بەردەستی کۆمەڵانی خەڵك.

ئەم رێبەرانە، لاو بەڵام بە ئەزموون و بەو کارە پرۆفیشناڵانەی ئەنجامی دەدەن بۆ گۆڕینی داهاتووی جیهان هەوڵ دەدەن.

ئەمساڵ World Economic Forum نزیکەی ٢٠٠ رێبەری لاوی لە نێوان پێنج هەزار کاندیدا لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك بازرگانی، راگەیاندن، زانست، کۆمەڵایەتی و کولتووری دا هەڵ بژاردوە. لە رۆژهەڵاتی نێوەراست و ئافریقای باکوور تەنیا ١٢ کەس هەڵ بژێردراون کە بەهمەن قوبادی یەکێك لەوانە.

کلوپ شواب دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری رێکخراوی ناوبراو لەمبارەیەوە دەڵێ: دەتوانین ئەم کۆبوونەوانە بە کۆڕی باشترینەکان لە قەڵەم بدەین و جیهانی ئەمرۆ پێویستی بەم رێبەرە لاوانە هەیە چونکە ئەوان دەنگی داهاتووی رەوتە فیکرییەکانی جیهانن.

سەرچاوە: PNA

# فیلمی دەرهێنەرێکی کورد لە ریزبەندیی هۆڵیود دایە




فیلمی داودو لەیلی کە جەی جانری (جەلال جان رۆی) دەرهێنەری سینەما کە بە رەچەڵەك کوردەو خەڵکی شاری سلێمانییە، یەکێکە لە فیلمە بەناوبانگەکان لە ریزبەندیی سینەمای هۆڵیوددا و لە سەرجەم ناوچەکانی ئەمریکا نیشان دەدرێ و پێشبینی ئەوە دەکرێت کە بینەرێکی زۆری هەبێ.

رووداوەکانی فیلمەکە (کە رووداوی راستەقینەن) باس لە کچە کوردێکی کۆچەر لە ئەمریکا دەکا کە دەکەوێتە چیرۆکێکی خۆشەویستییەوە لەگەڵ کورێکی یەهودیدا. بەڵام کەسوکاری کوڕەکەو کچەکە بە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیرییان رازی نین.

بە تێپەڕ بوونی کاتیش کوڕەکە ئیسلامەتیی خۆی رادەگەیەنێ و لەگەڵ کچەکەدا ژیانی هاوبەش پێکدێنێ.

رووداوەکانیتری فیلمەکە باس لە ژیانی کوردە ئەنفالکراوەکان و مەینەتییەکانیانی دیکەی کورد دەکا. دەرهێنەری فیلمەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش سەرنجی بینەران بەرەو ناخۆشی و مەینەتییەکانی کورد رادەکێشێ، بینەرانیش دوای بینینی فیلمەکە وێڕای دەربڕینی رەزامەندییان لە فیلمەکە، هاوسۆزیی خۆیان بۆ گەلی کورد دەربڕیوە.

سەرچاوە: Pukmedia



بەر لەماڵاوایی

# بۆ رێزگرتن لە مەلا ئەیوبی گەنجی و هاوبیرانی

سامان فەقێنەبی

ئایین یەکێك لەو پارامێترانەیە کە لە بەخشینی شوناس بە تاك و کۆمەڵگا دەورێکی کایگەر دەگێڕێ و هاوتەریب لەگەڵ پارامێترەکانی دیکەی وەك بنەماڵە، رەگەز، ئیدیئۆلۆژی، زمان، نیشتمان و نەتەوە لەم بوارەدا ناکرێ حاشای لێبکرێت.

ئایین هەر کاتێك بکەوێتە خزمەتی بیچم گرتنی کەسایەتییەکی نۆرماڵ و ئەمنییەتی دەروونی بێنێتە ئاراوە، بە پارامێترێکی پۆزەتیڤ لە قەڵەم دەدرێ و بە پێچەوانە ئەگەر بچێتە خانەی دژایەتی لەگەڵ باقیی ئەو لایەنانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیان پێکراوە جەهالەت و نەهامەتی بەرهەم دێنێ.

بەشێکی بەرچاو لە نەتەوە ژێردەستەکان لە ئایین یان مەزهەب لە پێناوی بەخشینی رەنگێکی هەقخوازانە بە خەباتی دژ بە داگیرکاریی کەڵکیان وەرگرتووە (ئیرلەند، فەلەستین، ئەلجەزایر،..)، بەڵام زۆر جاریش هەبووە کە داگیرکەران لە بەشێك لە پیاوانی ئایینیی نەتەوەی ژێردەست بە مەبەستی بەلاڕێدا بردنی رەوتی خەباتی رزگاریخوازانە یان دڵسارد کردنی خەڵك لە خەبات و تێکۆشان سوودیان وەرگرتوە (کوردستان). هەرچەند هەق وایە باس بکرێ کە لە شۆڕشە کلاسیکییەکانی کورددا دژ بە داگیرکەران، پیاوانی ئایینی دەورێکی سەرەکی‌یان هەبووە (شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری، شێخ سەعیدی پیران، قازی محەممەد،...) بەڵام مژاری سەرەکیی لێرەدا ئەوەیە کە هەنووکە لە باکوورو رۆژهەڵاتی کوردستان، دەسەڵاتە ناوەندی‌یەکان هەوڵێکی بێوچانیان خستۆتە گەڕ کە باوەڕمەندێتی بە ئایین بکەن بە کۆسپێکی مەزنی بەردەم خەباتی نەتەوایەتی. لە باکووری کوردستان حیزبوڵڵای دەستکردی mit، کۆمەڵە ئیسلامییەکان،AKP،....و لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش چەندین گرووپ و تاقمی بنئاژۆو تیرۆریستی لە ژێر ناوی سەلەفی، وەهابی، جیهادی و... کەوتوونەتە جموجۆڵ، کە لەلایەن رێژیمەوە داڵدە دەدرێن و دەرەتانی چالاکییان بۆ رەخسێندراوە. بەم چەشنە ئایین کراوەتە ئامرازێك بۆ دژایەتی کردنی ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەم گرووپە بەناو ئیسلامییانە بەبیانووی وانەی فێرکردنی قورئان، ئەنجومەنی خێرخوازی، کردنەوەی کتێبخانەی ئایینی و... دزەیان کردتۆتە نێو شارو دێهاتەکانی کوردستان و لە ژێر ناوی ئێرشادی لاوانی کورد، دڕندەی کوردکوژ پەروەردە دەکەن.

زانست و مەعریفە، یەکسانیی ژن و پیاو، رزگاریی نەتەوەیی و مافی مرۆڤ لەلای ئەو گرووپانە مانایەك نادات و تەنانەت بە کوفرو ئیلحاد دەژمێردرێ. هەر لەو چوارچێوەیەدا جارجارەش دژ بە پارتە شۆڕشگێڕو نەتەوەییەکان فتوای جیهاد دەدەن.

لەم نێوەدا ئەوەیکە شایانی باسە بریتییە لەوە کە تاکو ئێستاش لە نێو پیاوانی ئایینیی کورددا کەم نین ئەمانەی کە بوێرانە پێداگری لەسەر مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەکەن و هەوڵ دەدەن لە رێگای پێداچوونەوە (تجدید نظر طلبی) بە بنەماو ئەحکامە شەرعی‌یەکانی ئیسلام ئاسوودەیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنن. ئەمانە خەون بە ئیمارەتی ئیسلامیی فەللوجە لە گوندی یەکشەوە (گوندێکی ناوچەی بۆکان)و شارۆچکەی رەبەتەوە نابینن و ناخوازن کە کوردستان ببێتە ئەفغانستانی سەردەمی دەسەڵاتدارێتیی تالیبان و هەوڵی ئەوە نادەن کە لەبەر حۆرییەکانی بەهەشت، ئاگری جەهەننەم بەسەر کوردستاندا ببارێنن. ئەو گەورە پیاوانە لە جیاتی دونیای داخراوی سەید قوتب، قازی محەممەدیان کردۆتە پارادایمی ژیان و بیرکردنەوەیان و بەم چەشنە توانیویانە ببنە وەڵامدەری ویستی ئینسانیی خەڵکی کوردستان. ئەم توێژە لە پیاوانی ئایینی لەو پێناوەشدا ئەگەرچی تووشی ئازارو مەینەتی دێن، بەڵام لە روانگەکانیان پاشگەز نابنەوە و هیچکات دینداری لە مرۆڤایەتی و نیشتمانپەروەری جیا ناکەنەوە.

دژ کردەوەو لێپرسینەوە و سزادانی گەورە پیاوانی ئایینی لە چەشنی مەلا ئەیوبی گەنجی لە لایەك و دەست ئاوەڵا هێشتنی هەڵسووڕان و چالاکیی گرووپە سەلەفی‌یەکانی لەلایەن رێژیمەوە لەلایەکی دیکەوە دەریدەخا کە کام یەك لەو دوو تەفسیرو خوێندنەوانە لە ئیسلام بۆ دەسەڵاتی رەشی کۆماری ئیسلامی جێگای مەترسییە و خەڵکی کوردستانیش ئاستی شعووری سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یان ئەوەندە بەرزە کە ئەو جیاوازییە لێکبدەنەوە.